# رۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 418 سێشەممە 3/ 3/ 2009 نرخ 500 دینار No.418 Tue 3/ 3/ 2009





لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا

کۆمەڵایەتی

بخوێنەوە



جەمال عەزیز

**خەت بەزاندن**

ل ١٠

## کۆسرەت رەسوڵ:

# بۆئەوەی کێشە رونەدات، لیستی داخراو باشترە

# عەدنان موفتی: گەڕاندنەوەی یاساکە هەڵبژاردن دواناخات

**رۆژنامە**

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕوای وایە هەڵبژاردنەکان بە لیستی داخراوبێت «باشترە»، لەبەرئەوەی تا ئێستا لە کوردستان «دوو هێزی ناوخۆو دووئاسایش‌و دوو هێزی پێشمەرگەمان هەیە». هاوکات سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، گەڕاندنەوەی یاسای هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە نابێتە هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنەکان.

دوێنێ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی یەکەمی دواخولی پەرلەمانی ئەنجامداو جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی دانیشتنەکە بوو.

دوابەدوای دانیشتنەکەی پەرلەمان، کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامە وتی: لیستی کراوەو داخراو لە کوردستان سودو زیانی خۆیان هەیە ، چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆمان هەیەو دەبێت حسابیش بۆ ئەو تایبەتمەندیانە بکرێت، ئێمە نابێت خۆمان بە بەغدا بەراورد بکەین‌و حکومەتی بەغدایش لە کوردستان بە دیموکراتیتر بزانین، لەبەرئەوە حکومەتی بەغدا یەک حکومەت‌و یەک هێزی ئاسایش‌و پۆلیسیان هەیە ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دوو هێزی ئاسایش‌و دوو هێزی پێشمەرگەو دوو هێزی پۆلیسمان هەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە دەمانەوێت هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بکرێت، بۆ ئەوەی کێشەی لێنەکەوێتەوە، ئەگینا لیستی کراوە باشترە لە لیستی داخراو، بەڵام بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان من لیستی داخراوم پێباشە، بۆئەوەی کێشەی لێنەکەوێتەوە.

جێگری سەرۆکی هەرێم، لە میانی دانیشتنەکەی پەرلەماندا، رایگەیاند: «کوردستان ئاوەدانییەکی زۆری پێوەدیارەو ئێستاش ئازادییەکی زۆر هەیە لە کوردستان‌و خەڵک دەتوانێت بە ئارەزوی خۆی قسەبکات»، وتیشی: «هەر ئەم ئازادییەش وایکردووە رۆژنامەکان بە ئارەزوی خۆیان قسەبکەن‌و تانەو تەشەر لە بەرپرسانی کوردستان بدەن، ناحەزیش هەیە لە راگەیاندنەکان کێشەکان زۆر گەورە دەکات».





ئەم وتانەی جێگری سەرۆکی هەرێم لە کاتێکدایە، کە چەند رۆژێک لەمەوبەر لە راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بەوەکرابوو، کە «رەوشی ئازادی رۆژنامەگەری لە هەرێمدا، هێشتا جێگەی تێبینیە»، هاوکات لە راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ساڵی ٢٠٠٨ی کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنوسان CPJ باس لەوەکرابوو، کە «بارودۆخی رۆژنامەگەری هەرێم جێگەی نیگەرانیە».

هەر لە هەمان دانیشتنی پەرلەماندا، عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا ستایشی حکومەتی هەرێمی کرد، کە بە دەنگ داواکارییەکانی پەرلەمانتارانەوە چووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی هاوڵاتییان‌و لەوبارەیەوە وتی: «سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان‌و چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵک، جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بکەین»، بەڵام بەوتەی بارزان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتارو ئەندامی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، نوسینگەکەیان، دەربارەی خراپی‌و پشتگوێخستنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨دا یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام «تائێستا وەڵامی یاداشتەکەیان نەدراوەتەوە».

عەدنان موفتی داوای لە پەرلەمانتاران کرد پەلە بکەن بۆ تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردن، بۆئەوەی هەڵبژاردن لە ٢٠٠٩/٥/١٩دا ئەنجام بدرێت، وتیشی: «گەڕاندنەوەی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە نابێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن».

**لەوبارەیەوە راپۆرتێک لە ل(٣)دا بخوێنەوە.**

## سەرۆکی دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان:

# درەنگە بۆ بەشداریکردنی کوردەکانی دەرەوە لە هەڵبژاردندا

**رۆژنامە**

سەرۆکی دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە لە کاتی هەڵبژاردندا چاودێری دەستەکەی بکات، بەوپێیەی دەستەکەیان یاسای ئەو پەرلەمانە جێبەجێ دەکات.

لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد هاوکاری کۆمسیۆن بکەن بۆ رێگرتن لە فرت‌و فێڵ‌و ساختەکاری‌و وتیشی: «داوا لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و قونسولییەتی وڵاتان لە کوردستان دەکەین چاودێری وردی هەڵبژاردنەکان بکەن».

لەو چاوپێکەوتنەدا کە دەقەکەی لە لاپەڕە (٣)دا بڵاوکراوەتەوە، عەلی قادر رایگەیاند: کات درەنگە بۆ بەشدارپێکردنی کوردەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەڵبژاردندا، بەڵام ئەگەر لە کاتی هەڵبژاردندا بگەڕێنەوە کوردستان، مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتنیشیان هەیە.

# چوار ساڵە مۆڵەت نادرێتە حیزبێک

**هەستیار قادر**

بەرپرسی یەکەمی پارتی چەپی کوردستان، حکومەتی هەرێم بە پێنەدانی مۆڵەتی کارکردن تۆمەتبار دەکات‌و بەشی یاسایی وەزارەتی ناوخۆش ئاماژە بەوە دەدات، کە تێبینیەکانیان لەسەر مۆڵەتی ئەو حیزبە لەبەر رۆشنایی یاسای پارتە سیاسییەکانی کوردستان بووە.

محەمەد پشدەری، بەرپرسی یەکەمی پارتی چەپی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە ماوەی (٤) ساڵدا دووجار داوای مۆڵەتمان داوەتە وەزارەتی ناوخۆ (سلێمانی)و مۆڵەتەکەیان پەسەند نەکردووە.

پشدەری ئاشکرایکرد، کە چەند تێبینیەک لەسەر مۆڵەتی پارتەکەیان تۆمارکراوە، کە تایبەتە بە بەرنامەو بارەگاو چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو چاودێریکردنی سەرفکردنی ئەو بودجەیە لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوەو پێشبینی ئەوەشی کرد، کە «هەرگیز مۆڵەتی کارکردنیان نەدەنێ».

هاوکات روخۆش محەمەد، لە بەشی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ ئاشکرایکرد، کە «ئەو تێبینیانە لەبەر رۆشنایی یاسای پارتە سیاسییەکانی کوردستانەوە لەسەر مۆڵەتی ئەو پارتە تۆمار کردووە».

پارتی چەپی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لەلایەن کۆمەڵێک کادیری جیابووەوە لە حیزبی شیوعی کوردستان پێکهێنراو سەرەتا بەناوی حیزبی شیوعی کوردستانی باشورەوە بووەو دواترو لە ٢٠٠٧/٧/١ەوە ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ پارتی چەپی کوردستان.




## لە دانیشتنی یەکەمی دوا خولی پەرلەماندا:

# جێگری سەرۆکی هەرێم: سەرۆکایەتی هەرێم پێکهێنانی دەستەی نەزاهەی تاووتوێکردووە

# سەرۆکی پەرلەمان: گەڕاندنەوەی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە هەڵبژاردن دوا ناخات

**ڕۆژنامە**

جێگری سەرۆکی هەرێم، ڕایگەیاند: «کوردستان ئاوەدانییەکی زۆری پێوەدیارەو ئێستاش ئازادییەکی زۆر هەیە لە کوردستان‌و خەڵک دەتوانێت بە ئارەزوی خۆی قسەبکات»، لە کردنەوەی دوا خولی گرێدانی ساڵی چوارەمی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: «هەر ئەم ئازادییەش وایکردووە ڕۆژنامەکان بە ئارەزوی خۆیان قسەبکەن‌و تانەو تەشەر لە بەرپرسانی کوردستان بگرن، ناحەزیش هەیە لە ڕاگەیاندنەکان کێشەکان زۆر گەورە دەکات»، ئەوە لە کاتێکدایە، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بەوە کرابوو، «ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمدا، هێشتا جێگەی تێبینییە»، هاوکات لە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ساڵی ٢٠٠٨ی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسان CPJ باس لەوە کرابوو، کە «بارودۆخی ڕۆژنامەگەری هەرێم جێگەی نیگەرانییە».

هەر لە هەمان دانیشتنی پەرلەماندا، کە تەنها سێ مانگ تەمەنی شەرعی ماوە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد، کە لە بەشێکی وتارەکەیدا ستایشی حکومەتی هەرێمی کرد، کە «بە دەنگ داواکارییەکانی پەرلەمانتارانەوە چووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی هاوڵاتییان»و لەوبارەیەوە وتی: سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان‌و چارەسەکردنی گرفتەکانی خەڵک، جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بکەین، بەڵام بەوتەی بارزان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتارو ئەندامی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان، نوسینگەکەیان دەربارەی خراپی‌و پشتگوێخستنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨دا یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام تائێستا وەڵامی یاداشتەکەیان نەدراوەتەوە.

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا، باسی لە کێشەو ڕوداوە نێوخۆییەکانی ناو یەکێتی کردو لەوبارەیەوە وتی: «ئەو گۆڕانکارییەی ئێمە کردمان لە حکومەت، سزادانی کەسەکان نەبوو، بەڵکو پێمان باشبوو وەک یەکێتی هەندێک گۆڕانکاری بکەین».

هەروەک لە درێژەی وتارەکەیدا ئەوەشی خستەڕو، کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا دانیشتنیان کردووە بۆ ئەوەی دەستەیەکی نەزاهە دابمەزرێنن، بۆ بەدواداچوونی کێشەی گەندەڵی، بەڵام بە بڕوای چاودێران پێناچێت ئەو هەوڵانە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی کاریگەری هەبێت، بەوپێیەی پێشتریش چەندین هەوڵی حیزبی‌و حکومی بۆ ئەو مەبەستە دراون‌و هیچ دەرەنجامێکیان نەبووە.



جێگری سەرۆکی هەرێم، داواشی لە پەرلەمانتاران کرد، کە ڕەخنەو گلەییەکانیان لە چوارچێوەی هۆڵی پەرلەمان پێشکەش بکەن، نەک هەر لە دەرەوە لە میدیاکاندا لێدوان بدەن.

لەلایەکی دیکەوەو هەر لە هەمان دانیشتندا عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، داوای لە پەرلەمانتاران کرد پەلە بکەن بۆ تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردن، بۆئەوەی هەڵبژاردن لە ٢٠٠٩/٥/١٩دا ئەنجام بدرێت، وتیشی: «گەڕاندنەوەی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە نابێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن».

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا، سەرۆکی پەرلەمان باسی لەوەکرد، دەبێ هەوڵی چڕترو زیاتر بدرێت بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەو بەرنامانەی کە لە ئەجێندای دانیشتنەکاندا دێتە پێشەوە، ئەوانیش: (پەسەندکردنی پرۆژەیاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بودجەی هەرێم، پرۆژەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێم‌و بانگهێشتکردنی سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ پەرلەمان، هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان)، بەڵام دلێر محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، کە پەرلەمان تەنها سێ مانگی ماوە بۆ پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە پەسەندنەکراون، سەبارەت بەوەش، کە ئایا پەرلەمان لە ماوەی تەمەنی یاسایی خۆیدا دەتوانێت ئەو پرۆژەیاسایانە پەسەند بکات؟ ئەو پەرلەمانتارە وتی: «ئەگەر پەرلەمان مەبەستی بێت، دەتوانێت پەسەندیان بکات».

دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندن بوو بۆ کارەکانی پێشوی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم، کە هەریەکە لە جێگری سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی پەرلەمان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە کارەکانی ڕابردوی حکومەت‌و پەرلەمانیان وەسفکرد، بەڵام هیوا میرزا سابیر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی: «ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کاتێک هەڵسەنگاندن بۆ حکومەت دەکرێت، دەبێت هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە بکرێت‌و لایەنە سلبی‌و ئیجابییەکانی دیاری بکرێت».

**سامان بەشارەتی، پشتیوان سەعدوڵڵا، فەلاح نەجم بەشدارییان لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەدا کردووە**

---

# سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم: هەر هەرێمێک لە عێراقدا ڕێکبخرێت ئەوا لەلایەن بەغداوە دەستەی هەڵبژاردنی بۆ دادەنرێت

**سازدانی**
**شارا عەبدولڕەحمان**

**عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە دیدارێکدا چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن دەستەی هەرێمەوە بۆ ڕۆژنامە شی دەکاتەوە**

**ڕۆژنامە: لیژنەی یاسایی پەرلەمان ڕێککەوتون لەسەر ئەوەی دەستەی هەرێم، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبەرن؟ ئەگەر ئەمە بوو بە بڕیار، ئایا ئێوە لەو ماوە کەمەی کە ماوە دەتوانن ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکەن؟**

* لە یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی عێراقدا کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پێ دروستکراوە، هاتووە: (هەر هەرێمێک لە عێراقدا ڕێکبخرێت، ئەوا لەلایەن بەغداوە دەستەی هەڵبژاردن بۆ ئەو هەرێمە دادەنرێت، بۆئەوەی کۆمسیۆن کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن‌و ڕێکخستن‌و جێبەجێکردن‌و کارگێڕی‌و سیستمکاری، بۆ هەر هەڵبژاردنێک لەو هەرێمەدا ئەنجامدەدات بە هەماهەنگی‌و هاوکاری لەگەڵ بەشە کارگێڕییەکەی کۆمسیۆنی باڵاو لەژێر چاودێری ئەو کۆمسیۆنەدا)، واتە ئەگەر یاساکەی پەرلەمانی کوردستان بڵێت دەستەی هەرێم یان کۆمسیۆنی باڵا دەبێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامبدات، ئێمە هەر لە سنوری یاسای ژمارە یانزەدا هەڵبژاردن ئەنجامدەدەین‌و زۆربەی ئەرکەکە لەسەر ئێمە دەبێت، واتە هەردوولا لە چوارچێوەی یاساکەدا کاردەکەین، کۆمسیۆنی هەرێم دەستەیەکی سەربەخۆی بێلایەنی سەر بە حکومەتی ناوەندییە، کە سەر بە هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن، یاسادانان‌و دادوەری نییە لە عێراق‌و کوردستاندا، جگە لە چاودێری پەرلەمانی عێراق، ئەویش بۆ جێبەجێکردنی یاساکانە، هەرچەندە مافی پەرلەمانی کوردستانیشە چاودێری دەستەی هەرێم بکات، چونکە ئێمە یاسای ئەویش جێبەجێدەکەین.



**ڕۆژنامە: سەرۆکی هەرێم یەکێک لە تێبینیەکانی لەسەر یاساکەی پەرلەمان، ئەوە بوو هەڵبژاردنەکە لەلایەن دەستەی هەرێمەوە بکرێت‌و ئەو دەسەڵاتە لە کۆمسیۆنی باڵا بسەنرێتەوە ئایا سەرۆکی هەرێم ئێوەی لە تێبینیەکەی ئاگادار کردبووەوە پرسی ئەوەی پێکردبوون کە ئایا ئێوە پێتان دەکرێت یان نا؟**

* لەکاتی چوونی یاساکە بۆ لای سەرۆکی هەرێم، نوێنەری تایبەتی خۆی نارد بۆ لامان‌و لە تێبینیەکانمان ئاگادارمان کردەوەو کۆمەڵێک چاکسازی هەبوو لە یاساکەدا، کە پەرلەمان نەیکردبوو، ئێمە پێمان باشبوو کە بکرێت، پەرلەمان لە ئاماژەدان بە هەموارکردنەوەی مادەی هەژدە لە یاساکەدا دەسەڵاتێکی هەرێمی گەڕاندبووەوە بۆ بەغدا بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت، کە تێیدا هاتبوو (سەرپەرشتی‌و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا دەبێت)، لەکاتێکدا بەپێی یاساکەی پەرلەمانی عێراق، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دراوە بە دەستەکەی هەرێم، سەرۆکی هەرێم لەوێدا مەبەستی بوو ئەو مافەی بە یاسای ژمارە یانزە دراوە بە هەرێم، ئەم یاسایە لێی نەسەنێتەوەو بیداتە کۆمسیۆنی باڵا.

**ڕۆژنامە: دەستەی هەرێم چەند فەرمانبەری هەیە، ئەو ژمارەیە لە توانایدایە لەماوەی ئەم (٢) مانگەدا ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکە بکات؟**

* ئێمە بە ئۆفیسی سەرەکییەوە کە بارەگاکەی لە هەولێرە، چوار ئۆفیسمان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم هەیە، بە هەمووی (٢٠٠) فەرمانبەری جێگرمان هەیەو دەتوانین سەرجەم هەڵبژاردنەکانی هەرێمی پێ بەڕێوەبەرین، کاتێکیش پێویستمان بە فەرمانبەری تر هەبێت بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران‌و ڕۆژی دەنگدان، بە گرێبەست مامۆستایان‌و پارێزەران لای خۆمان دادەمەزرێنین، بەڵام ئەوەیان کاتییەو تادوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەیە، پێویستمان بە نزیکەی (٥٥) هەزار کەس دەبێت بۆ ئەو کارانە.

**ڕۆژنامە: بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە چەند دەبێت؟**

* پێویستمان بە نزیکەی (٣١ بۆ ٣٥) ملیۆن دۆلار دەبێت، هەرچەندە هەندێک کەلوپەلی ئامادەمان هەیەو ناچێتە چوارچێوەی ئەو بودجەیەوە.

**ڕۆژنامە: لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراقدا ساڵی ٢٠٠٥، کوردستان لەڕوی ساختەکاری هەڵبژاردنەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خرایە لیستی ڕەشەوە، ئێوە لە تواناتاندایە کارێکی وابکەن ئەوە دووبارە نەبێتەوە؟**

*ئەمە مەسەلەیەکی هەمەلایەنەیە، تەنها لە ئەستۆی کۆمسیۆن نییە، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەک هەیە بۆئەوەی ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن بڵاو بکەنەوە، تا ڕێگا بیگیرێت لە ساختەکاری، پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری کۆمسیۆن بن نەهێڵن فرت‌و فێڵ‌و ساختەکاری بکرێت، ئێمە ناوبژیوانین لەنێوان ئەو لایەنانەی کە کێبڕکێ دەکەن بۆ هەڵبژاردن، پێویستە ئەو کێبڕکێیە جێی متمانەو ڕەزامەندیی هەمووان بێت، داوا لە میدیاکان‌و حیزبەکان‌و سەرجەم قەوارە سیاسییەکان دەکەین کە گرنگی بدەن بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری هەڵبژاردن، هاوکات سەدان هەزار فۆرمی چاودێری چاپ دەکەین، داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و قونسوڵییەتی وڵاتان لە کوردستان دەکەین چاودێری ورد بکەن، هەر قەوارەیەکی سیاسیش مافی هەیە لە هەر وێستگەیەکی دەنگداندا نوێنەرێکی هەبێت‌و دەسەڵاتی شەکواکردنیشی دەدەینێ، کە چاودێربێت‌و نەهێڵێت هەر ساختەکارییەک بۆ قەوارەکەی خۆی‌و قەوارەکانی تریش ئەنجامبدرێت.

**ڕۆژنامە: هیچ ئامارێک لەبەردەستدایە کە چەند کەس لە هەرێمی کوردستاندا مافی دەنگدانیان هەیە؟**

* لە مانگی تەمموزی ساڵی پاردا ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەرانمان کردەوەو هاوڵاتییان چوون بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان، هاوکات تۆمارێکی پێشتری کۆمپانیای خۆراکمان لەبەردەستدا بوو بۆ ئەو کەسانەی هەژدە ساڵیان تێپەڕاندووە، بەپێی هەردوو ئامارەکە زیاتر لە دوو ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار دەنگدەر لە هەرسێ پارێزگاکە مافی دەنگدانیان هەیە.

**ڕۆژنامە: یەکێکی تر لە تێبینیەکانی سەرۆکی هەرێم، بەشدارییپێکردنی کوردەکانی دەرەوەی هەرێمە لە هەڵبژاردندا، ئەم تێبینیە دەکرێت کاری پێبکرێت؟**

* هەرچەندە کاتەکەی درەنگە بۆ بەشداریپێکردنیان لە دەرەوەی هەرێم، بەڵام ئێمە پێمان باشە ئەو کوردانە ئەگەر لەکاتی هەڵبژاردندا گەڕابوونەوە کوردستان، لێرە مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتنیان پێبدرێت، چونکە ئەوە مافێکی سەرەتایی خۆیانەو ناکرێت بێبەشبکرێن.

## بەیانیت باش كوردستان

## موچەی پاسەوانانی هەرێم دەخرێتە سەر ١٧٪

فەهمی ساڵح– بەغدا




سەفائەدین سافی، وەزیری دەوڵەتی عێراق بۆ كاروباری ئه نجو مه نی نـوێـنـەران، ئـامـاژەی بـەوەكـرد، دەبـێـت مـوچـەی پاسەوانانی هەرێمی كوردستان بخرێتە سەر ڕێژەی ١٧٪ی بودجەی هەرێمی كوردستان، پەرلەمانیش ئەو مافەی هەیە گۆڕانكاری لەو بوارەدا بكات.

سەفائەدین سافی جەختیكردەوە لەوەی پاسەوانانی هەرێمی كوردستان، تایبەتن بە پاراستنی سنورەكانی كوردستان، بۆیە دەبێت موچەكەیان بخرێتە سەر بودجەی هەرێمی كوردستانو لە بودجەی حكومەتی عێراق لاببرێت، وتیشی: «بەگوێرەی دەستور دەبێت موچەی پاسەوانانی هەرێمی كوردستان لەسەر بودجەی هەرێم بێت، نەك حكومەتی ناوەندی».

## سزای لەسێدارەدان بۆ عەلی كیمیاوی

ڕۆژنامە



دوێـنـێ دادگـای بـاڵای تاوانەكانی عـێـراق سـزای لەسێدارەدانی بەسەر عـەلـی حـەسـەن ئەلمەجیدی ناسراو بە (عەلی كیمیاوی)دا سـەپـانـد، لـەسـەر ئـەو دۆسیەیەی بە ڕوداوی نوێژی هەینی ١٩٩٩ ناسراوەو هەر یەك لە فەیزی محەمەدو عەزیز ساڵحی بەرپرسانی پێشوی ڕژێمی بەعس بەهەمان تۆمەت سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەركراو عەلی نسەیف جاسمو محەمەد زەمانیش سزای زیندانی تاهەتایی دران.

ئەمە سێهەم جارەو لە سێ دۆسیەی جیادا عەلی حەسەن ئەلمەجید، لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی عێراقەوە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربچێت.

## داهاتی شوێنە پیرۆزەكان دەگەڕێتەوە سەر بودجەی عێراق

محەمەد ساڵح حەمەلاو

د. ئیسماعیل شكور، جێگری سەرۆكی لیژنەی دارایـی لـە پەرلەمانی عـێـراق، ئاشكرای دەكات، لیژنەكەیان جەخت لەسەر گـەڕانـدنـەوەی داهـاتـی سـەرجـەم شوێنە گەشتیارییەكان بە شوێنە پیرۆزەكانیشەوە دەكەنەوە بۆ سەر بودجەی گشتی عێراق.

د. ئیسماعیل شـكـور بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: لیژنەی دارایی، نەك هەر داهاتی شوێنە پیرۆزو ئایینییەكان، بەڵكو داوای دیاریكردنو گەڕاندنەوەی داهاتی سەرجەم شوێنە گەشتیارییەكانی عێراق دەكەن بۆ سەر بودجەی حكومەت، وتیشی: «داوای گەڕاندنەوەی ئەو داهاتانە بە داهاتی شوێنە گەشتیارییەكانی هەرێمی كوردستانیشەوە كراوە بە بەندێكی یاساییو لە پەسەندكردنی بودجەكەدا، كە بڕیارە ئەمڕۆ دەنگی لەسەر بدرێت».

تا ئێستا داهاتی شوێنە ئایینییە پیرۆزەكانی نـەجـەفو كـەربـەلاو چەندین شوێنی تر نەگەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی حكومەت.

## لە دەسەڵاتەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن

# لیستی حەدبا نایەوێت لیستی كوردی لە ئیدارەی موسڵ بەشداریی پێبكات

بەهادین یوسف

لە یەكەم كـۆبـوونـەوەی لیستە براوەكانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا، لیستی حەدبا هیچ گفتوگۆیەك لـەسـەر دابـەشـكـردنـی پۆستەكان لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوا ناكات، ئەندامێكی لیستەكەش ئاشكرایكرد بە پۆستی لاواز ڕازی نابنو ڕەنگە ببنە ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنەكەدا.

ڕۆژی یەكشەممەی ڕابـردو لە بارەگای فەرماندەیی چالاكییەكانی موسڵ یەكەم كۆبوونەوەی لیستە براوەكانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ كرا بێئەوەی هیچ گفتوگۆیەك لەسەر پێكهێنانی ئیدارەی نوێی پارێزگای موسڵ بكرێت.

قاسم ساڵح، ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن لەسەر لیستی برایەتی نەینەوا، لە لێدوانێكیدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یەكەم كۆبوونەوە تەنها بۆ لێك تێگەیشتنو یەكتر ناسین بووە، ویستومانە ڕاوبۆچوونی یەكتر بزانین لەسەر پێكهێنانی ئەنجومەنی نوێو تێپەڕاندنی ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنو ڕاگەیاندنەكانو بە جدیی كاركردن بۆ پێكهێنانی حكومەتی محەلی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی دابەشكردنی پۆستە سیادیو ئیدارییەكانی ئەو شارە نەكراوە.

ئـامـاژەی بەوەشكرد، ئەگەر بە بۆچوونی لیستی حەدباو بەگوێرەی لـێـدوانـە نارەسمییەكانیان بێت، دەیانەوێت بە تەنها حكومەت پێكبهێنن «بەوشێوەیە سـەركـەوتـوو نابنو هیوادارین بگەینە ڕێككەوتنێك بۆ پێكهێنانی ئیدارەیەكی تەوافوقی لەنێوان لیستە براوەكاندا».

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەكان، كە لەلایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانەوە ڕاگـەیـەنـرا، لە پارێزگای موسڵ (٩٩٥) هەزارو (١٦٩) كەس دەنگیانداوە، بۆ هەڵبژاردنی (٣٧) ئەندام بۆ ئەنجومەنەكە، لیستی حەدبا، كە برایەكی ئوسامە نجێفی سەرۆكایەتی دەكات، (٤٣٥) هەزارو (٥٩٥) دەنگی بەدەستهێناوەو (١٩) كورسی بـردەوە، لیستی برایەتی نەینەوا (٢٧٣) هەزارو (٤٥٨) دەنگو (١٢) كورسی بەدەستهێناو حیزبی ئیسلامی (٦٠) هەزارو (١٩١) دەنگو (٢) كورسی بەدەستهێناوە، سێ كورسیش بۆ نەتەوەكانی دیكەی پارێزگاكە تەرخانكرا، لیستی عەشتاری مەسیحیو شەبەكی سەربەخۆو بزوتنەوەی ئێزدی بۆ چاكسازییو ئاشتی ئەو سێ كورسییەیان بەدەستهێناوە.

سەبارەت بە بۆچوونی لیستی حەدبای براوە، ئەندامەكەی لیستی بـرایـەتـی كـە ڕیـزبـەنـدی یەكەمی لەنێو لیستەكەدا هەیە، ئاماژەی بـەوەكـرد «بـۆچـوونو گفتوگۆی ئەو لیستە جیاوازبووە لە لێدوانی ڕاگەیاندنەكان، بـەڵام پێنەدەچوو لەگەڵ بەشداریكردنی ئێمەدابن، لە ڕاگەیاندنەكانی پێشوتریان نەدەچوو جوانو برایەتی بوو، بەڵام لەوە دەچوو حەزیان لە بەشداریی لیستی برایەتی نەبێت لە پێكهێنانی ئیدارەی نوێدا»، وتیشی: «دەمانەوێت بەشدارییەكی ڕاستەقینەمان هەبێت، لە پۆستە سیادییەكانو ئیدارییەكان، هەرچەندە پۆستی پارێزگارو سەرۆكی ئەنجومەن بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان بۆ ئەوانە، بەڵام بەشێوەیەكی تەوافوقی داوای سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكـەیـن، پۆستی بێهێز قبوڵ ناكەین، چونكە لیستێكی بەهێزین، پشتیوانییەكی گەورەمان هەیە لە حكومەتی هەرێمو بەشداریمان هەیە لە حكومەتی فیدراڵی، بۆیە ڕەنگە ببینە ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێز لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ».

## لە دیالە، كورد داوای هاوپەیمانێتی لە تەوافوق دەكات

سەیوان خورشید

ئیبراهیم باجەلان، سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: داوایان لە لیستی بەرەی تەوافوق كردووە كە پۆستە سیادییەكان دابەش بكرێن بەسەر هەردوولادا.

سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە وتی: بە حوكمی ئەوەی كە چوار ساڵە پەیوەندیمان لەگەڵ لیستی تەوافوق باشە، داوای هاوپەیمانێتیمان لێكردووە. وتیشی: «داوامان لێیانكردووە، كە پۆستی پارێزگاری دیالە بۆ ئـەوان بێتو پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگاری دیالەش بۆ ئێمە بێت».

ئیبراهیم باجەلان ئاشكراشیكردو پێشبینی ئەوەی كرد، كە پۆستی دوو جێگری پارێزگار یەكێكیان بۆ لیستی ساڵح موتلەگ بێتو جێگرەكەی دیكەشیان بدرێتە لیستی ئیئتیلافی شیعە، «بەڵام لەبەرئەوەی لیستی ئیئتیلاف لە ئەنجامی دەنگەكان ڕازیی نینو تاكو ئێستا بە فەرمی ئامادەیی خۆیان دەرنەبڕیوە.

سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ڕونیشیكردەوە، كە كورد لە ماوەی چوار ساڵی ڕابـردودا پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگاری دیالەی هەبووە، بەپێی ئەو هاوپەیمانێتیە دووبارە داوای پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگاری دیالە دەكەنەوە، بەڵام تاكو ئێستا وەڵامیان بە فەرمی وەرنەگرتووە.

لیستی بەرەی تەوافوق، سەر بە حیزبی ئیسلامییەو ٩ كورسییان هەیە.

## برنجی بایەعی، كەڕوی كردووە

عەبدولڕەحمان ئەبوبەكر

ژمارەیەك لە بریكارانی خۆراك لە سلێمانی، گلەیی لەو خواردنانە دەكەن كە دەگاتە دوكانەكانیان بەو پێیەی زۆرێك لەو خۆراكانە خراپبوونو بەكەڵكی بەكارهێنان نایەن، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانیش دەڵێت: «ئەو خۆراكانە بە ڕێگای ئـاوی دەگەنە عێراقو خراپ دەبن، نەك گەنجینەكانی ئەوان».

بەشێك لە بریكارەكانی خـۆراك هۆكاری خراپبوونی ئەو خۆراكانە بۆ گەنجینەو كۆگاكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆراكی سلێمانی دەگەڕێننەوە، سـەردار حیسامەدین، یەكێكە لە بریكارەكانی خۆراكو ئاماژە بۆ ئەوە دەكـات، كە ئـەو برنجەی ئـەم مانگە بۆی هاتووە بەشێكی زۆری كەڕوی كردووەو بەكەڵكی بەكارهێنان نایەتو وتـی: «ئێمە چەندین جار پەیوەندی بەو ڕەقەمانەوە دەكەین كە كۆمپانیای خۆراك خۆیان دایانناوە، بەڵام كەس وەڵامـمـان نـاداتـەوە»، بـەڵام خالید حەمید، بەڕێوبەری سایلۆی سلێمانی ئـەوە ڕەتدەكاتەوە ئەو خۆراكانە لە گەنجینەكانی كۆمپانیای خۆراكدا خراپ ببنو دەڵێت: «ئەو برنجەی كە دێتە لای ئێمە لە بەغداوە دێت لە ڕێگای ئاوەوە هاتووەتە عـێـراق، بـەو هۆیەوە تەڕ دەبێت، بۆیە ئێمەش بە نوسراو بەغدامان لەوە ئاگاداركردووەتەوە بۆ گۆڕینی خۆراكەكان، بەڵام ئامادە نین بیگۆڕن».



## «دیاریكردنی بودجە بەگوێرەی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان، نا بابەتیە»

# حیزبەكانی دەرەوەی پەرلەمان ئاگاداری بودجەكانیان نین

هەستیار قادر

حیزبەكانی دەرەوەی پەرلەمان ئاگاداری سیستمی نوێی بودجەكانیان نینو سكرتێری حیزبێكیشیان ڕەخنە لە پەیڕەوكردنی نوێنەر دەگرێت لە پەرلەماندا، بۆ دیاریكردنی ڕێژەی بودجەی حیزبەكان.

عەبدوڵلا نازەنینی، سكرتێری بـزوتـنـەوەی ڕزگـاری دیموكراتی كوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تا ئێستا بودجەی مانگی شوباتی ڕابردویان وەرنەگرتووەو لە سیستمی بودجەی نوێش ئاگادار نەكراونەتەوە.

هاوكات عەبدولقادر بازرگان، سـەرۆكـی بـزوتـنـەوەی چاكسازی توركمانی ئاشكرایكرد، كە بودجەی ئەم مانگەیان وەرگرتووە، كە بە هەمان بڕی بودجەی مانگەكانی پێشوەو وتیشی: «ئاگادار كراوینەتەوە كە لەم مانگەوە بودجەمان بەپێی سیستمی نوێ زیاد دەكات».

ئـاگـادار نەبوونی حیزبەكانی دەرەوەی پەرلەمانی كوردستان لە ڕێژەی بودجە نوێیەكەیان هاوكاتە لەگەڵ بڕیارێكی نوێ بۆ سەرفكردنی بودجەی حیزبەكانی ناو پەرلەمان بەپێی سیستمێكی نوێ لە وەزارەتی یەككگرتووی دارایی هەولێرەوە، كە بە پێی زانیارییەكانی ڕۆژنامە تیایدا بوونی ئەندام پەرلەمان دەكرێتە پێوەرو بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێك بڕی (٥٠) ملیۆن دینار زیادە لەسەر بودجەی ئەو حیزبانە دادەنرێت.

خدر ڕوسی، سكرتێری بزوتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستان ڕەخنەی گـرت لـەوەی دەستنیشانكردنی بـودجـە بـەگـوێـرەی ئـەوەی هەر حیزبێك چەند پەرلەمانتاری هەیە، بەپێوەرێكی نابابەتیانەی لەقەڵەمداو وتـیـشـی: «حـیـزب هـەیـە لـەناو پەرلەماندا، كە لەلایەن دوو حیزبە گەورەكەی كوردستانەوە كورسی پێدراوە، ئەگەر بەجیا بەشداریی لە هەڵبژاردندا بكردایە، ئەو كورسیەی بە دەستنەدەهێنا».

سامان عەلا، سكرتێری بزوتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان ئاماژەی بەوەدا، كە لە كوردستاندا سیستمێكی تەندروست نییە بۆ سەرفكردنی بودجە بۆ حیزبەكانو وتیشی: «لە هەندێك باردا حیزبەكان بەپێی مـەزاج هـاوكـاری دارایـی دەكـرێـن، نەك لەسەر بنەمایەكی یاسایی».

# کشانەوەی سوپای ئەمریکا، مەترسییەکانی عێراق‌و ئایندەی پێشمەرگە


مەسعود بارزانی


نوری مالیکی


باراک ئۆباما


ریمۆند ئۆدێرنۆ

هیوا جەمال

١

## سوپای ئەمریکا

سوپای ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە فیعلی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هاتوونەتە عێراق‌و ساڵانەش ژمارەیان زیادبووە تا گەیشتوە بەوەی، کە ئێستا لە عێراقدا (١٤٣) هەزار سەربازی ئەمریکایی هەن.

پلانی «بەرپرسیارانەو گونجاو»ی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە کشانەوەی زۆرینەی هێزەکانی سوپای وڵاتەکەی لە (٢٠١٠)داو کشانەوەی یەکجاریی ساڵێک دوای ئەو وادەیە، کە «بەجێهێنانی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنێتی»، ئەگەرەکانی زاڵبوونی سوپای عێراق‌و مەترسییەکانی بۆ سەر کورد زیادکردووە.

ئەگەرچی جۆن مەکاین، رکابەری ئۆباما، لە هەڵبژاردنەکاندا پلانەکەی سەرۆکی ئەمریکای بە «هێشتنەوە لەسەر رێگای راست» ناوبرد، بەڵام لە ناوەندەکانی سیاسی‌و بڕیاردان لە ئەمریکا، هێشتا رەخنە لەو پلانە دەگیرێت، وەک جۆن بوینز، سەرۆکی کۆمارییەکان لە کۆنگرێسی ئەو وڵاتە وتی: «بەپێی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن دەبوو لەماوەی ١٦ مانگدا سەرجەم هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشانایەتەوە».

## گرفتەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق

بە گوێرەی نوێترین لێکۆڵینەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هێزەکانیان لە عێراق توانای خۆگونجاندنی بەپەلەو کاردانەوەی راستەوخۆیان نییە، سەبارەت بە پێشهات‌و قەیرانەکان.

لێکۆڵینەوەکە نمونەی بەوە هێناوەتەوە کە هێزەکانی ئەمریکا سەرگەرمی خۆئامادەکردنن بۆ کشانەوەیان لە عێراق‌و بە بیستنی هەر بڕیارێکی دواکەوتنی ئەو پلانە، توانای بەجێهێنانی ئەرکەکانیان نابێت، هەروەک ئاماژە بەوەشکراوە، کە ئەگەری خۆکوشتن لە ریزەکانیاندا زیاد دەکات.

بەپێی راپۆرتێکی کەناڵی (CNN)، لە مانگی کانونی دووەمی رابردوودا (٢٤) حاڵەتی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لە ریزەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراقدا هەبووە، لەو ژمارەیەش حەوتیان خۆیانکوشتووە، ئەمە لەکاتێکدا لە هەمان مانگدا تەنها ١٦ سەرباز لە عێراق‌و ئەفغانستان بەهۆی شەڕەوە کوژراون.

## زیانەکانی سوپای ئەمریکا بۆ سەر هاوڵاتییان

بەپێی بەیاننامەیەکی روانگەی ماف‌و ئازادییە دەستورییەکانی عێراق، تەنها لە ساڵی ٢٠٠٨دا (٣١٤) هاوڵاتی عێراقی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کوژراون.

بەپێی بەیاننامەکە لە سەرەتای ئەمساڵەوە پێشێلکارییەکان زیادی کردووەو (١٥) کەسی دیکە کوژراون‌و ٦ کەسیش برینداربوون.

## کشانەوەی سوپا

ژمارەیەک لە چاودێران‌و سیاسییەکان جێهێشتنی عێراق لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بە «هەڵەی کوشندە» ناودەبەن، بەو مانایەی تا ئێستاش لە عێراقدا سوپای نیزامی ناتوانێت ئاسایشی وڵات بپارێزێت‌و شەڕی تایفی هەر بەردەوامی هەیەو هیچ گرەنتییەکیش نییە شەڕی ئیتنیکی رونەدات.

## مەترسییەکانی کشانەوە

مەترسییەکانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ زیاتر بەرپرسانی کوردی گرتووەتەوە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەم مەترسییەی نەشاردەوە، کاتێک لە لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا وتی: «ئەگەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە، لەوکاتەدا کە هێزەکانی ئەمریکا عێراق جێدەهێڵن، مەترسیی شەڕی کوردو عەرەب دەکرێت». ئەگەرچی ئەم وتەیەی بارزانی لەلایەن ژمارەیەک لە بەرپرسان‌و چاودێرانی سیاسییەوە بە «ناواقیعی» لەقەڵەمدرا، بەوپێیەی کە تا ئێستا کورد لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق شەڕی کردووە، نەک لەگەڵ گەلی عەرەب.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مانگی رابردوو لە کوەیت هەمان مەترسی برازاکەی دوپاتکردەوەو وتی: «مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دەکرێت، ئەگەر هێزەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە»، بەڵام سەرۆکی هەرێم باسی شەڕی کوردو عەرەبی نەکرد.

ئەو حاڵەتە تەنها دەسەڵاتدارەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو شارەزایان‌و پسپۆڕە سەربازییەکانیش هەمان مەترسی دوپاتدەکەنەوە، لیوا سەروەر قادر، شارەزای سەربازیی، دەڵێت: «کشانەوەی پێشوەختی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هێندەی مەترسی بۆ سەر ناوەندی عێراق هەیە، ئەوەندە مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان نییە»، لیوا سەروەر قادر، وەک شارەزایەکی کورد دڵنیایی دا کە بانگهێشتەکەی ئۆباما بۆ کشانەوە «بە پەلە جێبەجێ ناکرێت»، لەبەرئەوەی «ئامانجە سەربازییەکانی ئەمریکا تا ئێستا نەهاتوونەتەدی»، ئەگەری ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە «رەنگە شەڕی تایفی نێوان سوننەو شیعەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ سەرهەڵبداتەوە».

بەڵام باراک ئۆباما لە دوا وتاریدا، کە رۆژی هەینی رابردوو لەبەردەم ژمارەیەک لە سەربازانی وڵاتەکەی پێشکەشی کرد وتی: «ئێستا مەترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕی تایفی کە لە ساڵانی ٢٠٠٥و ٢٠٠٦دا لە عێراق هەبووە، نەماوە».

ئەم مەترسیانە سەرۆک وەزیرانی عێراقیشی گرتووەتەوە، وەک لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە مانگی رابردوودا لە شاری بابل وتی: «کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی دەبێت بەپەلە بنیاتنانەوەی هێزە ئەمنییەکان تەواوبکرێت».

چاودێران بڕوایان وایە هەوڵەکانی مالیکی بۆ دروستکردنی هێزێکی بەدەر لە سوپای عێراق‌و تایبەت بە خۆی، پێدەچێت سەرۆک وەزیر پێشبینی دروستبوونی شەڕی تایفی کردبێت.

عەلی دەباغ، وتەبێژی رەسمی حکومەتی عێراق، تەفسیری قسەکانی مالیکی بەوەکرد کە هێزەکانی عێراق پێویستیان بە (١٠) ساڵی دیکە دەبێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی بنیات بنرێنەوەو تۆکمە بکرێن، وتیشی: «ئەو لێدوانەی مالیکی تایبەت بووە، بە پێویستی پێگەیاندنی سوپای عێراق لەسەرجەم تواناکاندا».

بەڵام ژەنەراڵ ریمۆند ئۆدێرنۆ، فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، تەئکیدی لەوەکردەوە، کە هێزەکانی ئەمریکا شانبەشانی هێزە عێراقییەکان لە دەزگا ئەمنییەکانی ناوشار تا کاتێکی نادیار دەمێننەوە.

## خۆشحاڵیی نەکشانەوە

هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق، کە لەسەر پشکی کورد ئەو وەزارەتەی وەرگرتووە، چەند جارێک خۆشحاڵیی راگەیاندوە سەبارەت بە نەکشانەوەی «بەپەلە»ی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام مەبەستەکەی رون نەکردووەتەوەو راینەگەیاندوە مەبەستی چیە لە نەکشانەوەی بەپەلە، هەروەک ئاژانسی هەواڵی ئەسیۆشەیتد پرێس لە زاری زێبارییەوە بڵاویکردەوە «پێویستە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا زیاتر بمێننەوەو ئۆباما دەستپێشخەریی نەکات لە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی»، بەڵام پێدەچێت وتەکەی زێباری سنورەکانی عێراقی نەبڕیبێت، یان ئۆباما گوێی بە خۆشحاڵییەکەی زێباری وەک یەکێک لە عێراقییەکان نەدابێت، بۆیە پلانەکەی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی راگەیاند.

زێباری ئاماژەی بەوەشدابوو کە جۆزێف بایدن جێگری ئۆباماو هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، پەیامێکیان گەیاندوەتە عێراق کە ئاماژە بە نەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات، بەڵام دیارە وەزیری دەرەوەی عێراق لە شیکردنەوەی ناوەرۆکی نامەکەدا سەرکەوتوو نەبووە.

## رێککەوتنی ئەمنی

بەپێی رێککەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکاو عێراق، دەبێت لە مانگی حوزەیرانی داهاتووەوە ئەمریکا دەست بە کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی لەناو شارەکانی عێراق بکات، هاوکات تاریق حەرب، شارەزای یاسایی‌و دەستوری وتی: «بەگوێرەی رێککەوتننامەی ئەمنی دەبێت ئەمریکا بەر لە ساڵێک عێراق لە ئەگەری کشانەوەی پێشوەخت ئاگاداربکاتەوە».

عێراق چەندین رێککەوتننامەی لە رابردوودا ئیمزاکردووە، لەوانەش پەیمانی سەعد ئاباد لە ١٩٣٧ لەگەڵ تورکیاو ئێران، پەیمانی بەغداد لە ساڵی ١٩٥٥ لەگەڵ ئێران‌و تورکیا، پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاریی لە ١٩٧٢ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت‌و رێککەوتنی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ئێران، دوایین رێککەوتنیشی رێککەوتننامەی کۆماریی عێراق‌و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨دا کە بە (سۆفا) ناسرا لە دیباجەیەکی کورت‌و (٣٠) مادە پێکهاتووە، هەندێک مادەی لەوانە مادەی (٥ تا ٢٤)ی تەرخانکراوە بۆ رێکخستنی دۆخی سەربازیی‌و سیاسی، ئابووری، دارایی‌و تەکنیکی.. مانەوەو جوڵان‌و هاتوچۆو لەشکرکێشیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لە چوارچێوەیەکی یاساییدا لە بنکە سەربازییەکانی خۆیاندا لەسەر ئەرزی عێراق.

بەپێی مادەی ٢٤ی رێککەوتننامەکە «دەبێت هێزەکانی ئەمریکا تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لەناو شارو ئاوەدانییەکانی عێراق بکشێنەوەو تا ٢٠١١/١٢/٣١ لە هەموو عێراقدا بکشێنەوە، ئەگەر تا ئەوکاتە نەکشێنەوە، رێککەوتننامەکە هەڵدەوەشێتەوە».

باراک ئۆباما لە دوا وتاریدا، کە لە بنکەی سەربازیی سوپای مارێنز لە کارۆلینانۆرس پلانەکەی بۆ کشانەوە راگەیاند، بەگوێرەی پلانەکەی تا مانگی ئابی (٢٠١٠) ئەمریکا زۆرینەی هێزەکانی دەکشێنێتەو تەنها (٣٥ تا ٥٠) هەزار سەرباز لە عێراق دەهێڵێتەوە.



ئاماری کوژراوانی سوپای ئەمریکا:
لە ساڵی ٢٠٠٣وە کە هێزەکانی سوپای ئەمریکا هاتوونەتە عێراقەوە، زیاتر لە (٤٢٣٦) سەبارز کوژراون.
ساڵی ٢٠٠٣، (٤٨٦)
ساڵی ٢٠٠٤، (٨٤٩)
ساڵی ٢٠٠٥، (٨٤٦)
ساڵی ٢٠٠٦، (٨٢٢)
ساڵی ٢٠٠٧، (٩٠٤)
ساڵی ٢٠٠٨، (٣١٤) سەرباز کوژراون.

# «هۆڵەکانی زانکۆ، موڵکی حیزبن»

فەلاح نەجم

لە زانکۆی سلێمانی کۆمیتەی یەکێتیو کۆمەڵەی خوێندکارانی سەر بەو حیزبە مۆڵەتی چالاکییە ڕۆشنبیریو هونەرییەکانیان بە دەستەو هەر داواکارییەک بۆ مۆڵەتی لەو جۆرە، لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە ڕەوانەی ئەو دوو لایەنە دەکرێت. سەرباری ئەوەش تا ئێستا بارەگای کۆمەڵەی خوێندکاران لەناو زانکۆدا هەیە.

د. سالار باسیرە، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانییە، هەوڵ دەدات لە سیمینارێکدا، باسێک سەبارەت بە «پرۆژەکەی جەلال تاڵەبانی سەبارەت بە چاکسازیی» پێشکەش بکات، بەڵام پێی وتراوە بۆ ئەو سیمینارە پێویستە ڕەزامەندی کۆمیتەی زانکۆ (کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی) وەربگرێتو لەو بارەیەوە وتی: «دەمەوێت سیمینارێک دەربارەی پرۆژەکەی تاڵەبانی بگێڕم دەربارەی جیاکردنەوەی حیزب لە زانکۆو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بانگهێشت بکەم، بەڵام بەناچارییەوە لە بەرپرسی کۆمیتەی زانکۆی یەکێتی داوام کردووە مۆڵەتم بدات، لەو بڕوایەشدا نیم، کە ڕێگام پێبدرێت، چونکە داواکە بە چەند فلتەرێکدا دەڕوات».

د. سالار باسیرە بە پێویستی نازانێت سازکردنی سیمینارێک لە زانکۆدا، پێویستی بە ڕەزامەندی حیزب هەبێتو دەڵێ: «ناکرێت موڵکی زانکۆ بۆ هیچ حیزبێک بەکاربێت. بەکارهێنانی موڵکی حکومەت بۆ حیزب پێچەوانەی سیستمی دیموکراسیەو نایاساییەو سیاسەتێکی چەوتە».

ئەگەر د. سالار باسیرە سیمینارەکەی بۆ قسەکردن بێت لەسەر باسێکی پەیوەست بە سیاسەتو پرۆژەی کەسێک کە سکرتێری لایەنێکی سیاسییە، بەڵام چالاکییە هونەرییەکانیش لەو سانسۆرە بەدەر نین.

بەختیار بەکر، خوێنکاری کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی، یەکێکە لەو خوێندکارانەی چالاکیەکەی لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانەوە ڕەتکرایەوە، کاتێک ویستبووی پێشەنگایەکی فۆتۆیی بۆ مندالانی قوربانی دەستی جەنگەکان بکاتەوە.

بەختیار ئاماژەی بەوەکرد، کە چووەتە لای د. عەلی سەعید، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، بۆئەوەی مۆڵەتی فەرمی وەربگرێت بۆ کردنەوەی پێشانگاکەی، بەڵام سەرۆکی زانکۆ پێیوتووە «دەبێت لە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاران مۆڵەت وەربگریت»، بەختیار وتی: «دواتر چووم بۆ نوێنەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاران، لەوێ ڕێگەیان پێنەدام پێشەنگاکەم بکەمەوە».

دیلمان عومەر، خوێندکارێکی زانکۆی سلێمانییەو بۆ ڕێکخستنی کۆڕێک داوای لێکراوە مۆڵەت لە کۆمەڵەی خوێندکاران (ڕێکخراوی خوێندکارانی یەکێتی) وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگەی «ناسیاوی لەگەڵ کەسێک لەو ڕێکخراوە» توانیویەتی مۆڵەت وەربگرێت.

دیلمان دەڵێ: «داوام لە سەرۆکایەتی زانکۆ کرد مۆڵەتم بدەن کۆڕێک لە هۆڵی روناکی زانکۆی سلێمانی ساز بکەم، بەڵام «لە سەرۆکایەتی زانکۆ پێیانوتم، بۆئەوەی ڕێگەت پێبدرێت کۆڕەکەت بگێڕیت، دەبێت لە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاران مۆڵەت وەربگریت».

چیرۆکەکەی دیلمان چیرۆکێکی ڕۆژانەیە لە زانکۆی سلێمانیو زۆربەی ئەو چالاکیو کۆڕو سیمینارانەی لە زانکۆدا ئەنجام دەدرێت، پێویستە ناوەڕۆکو ئامانجە سەرەکییەکانیان بۆ کۆمەڵەی خوێندکاران یان کۆمیتەی یەکێتی بخرێتەڕو، بە پێچەوانەوە هیچ لایەنێک مافی ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی نییە.

دیلمان عومەر، کە وەک خۆی دەڵێ ناسینی کەسێک لە کۆمەڵەی خوێندکاران بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدەن کۆڕەکەی ساز بکات، بەڵام هێماش بۆ ئەوە دەکات «ئەگەر کۆڕەکەت لە بەرژەوەندی یەکێتی نەبێت، ڕێگات پێنادرێت ئەنجامی بدەیت».

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ڕێکخراوێکی خوێندکارییەو سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، شایەتحاڵەکان لەناو زانکۆی سلێمانیەوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە جڵەوی بەشێکی زۆر لە کاروبارو بڕیارەکانی زانکۆی سلێمانی گرتووەتە دەست، بەپێی وتەی سکرتێری یەکێک لە ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیش، دانانی بارەگای ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە زانکۆدا، پێچەوانەی یاساو ئەو خاڵانەیە، کە کۆمەڵەی خوێندکاران لە بۆردی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکان ئیمزایان کردووە، چونکە هیچ ڕێکخراوێکی قوتابیو خوێندکاریی بۆی نییە ناوەندەکانی خوێندن لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت.

بۆردی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە خوێندکارییو قوتابییەکان، کە ١٣ ڕێکخراون، ئیمزایان کردووە کە هیچ ڕێکخراوێک بۆی نییە ناوەندەکانی خوێندن بۆ بەرژەوەندی خۆیو حیزبەکەی بەکاربهێنێتو بارەگای تێدا هەبێت، بەڵام لە زانکۆی سلێمانی کۆمەڵەی خوێندکاران پێچەوانەی ئەو بڕیارە دەجوڵێنەوە.

نوعمان محەمەد، سکرتێری پێشوی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان، وتی: «دانانی نوێنەرایەتیو کۆمیتە لە زانکۆکاندا سەد دەر سەد پێچەوانەی یاسایەو کۆمەڵەی خوێندکاران بە ئارەزوی خۆی دەیکات».

وتیشی: «هۆڵەکانی زانکۆ موڵکی حیزبە نەک سەرۆکایەتی زانکۆ، چونکە ئێمە چەندین جار هەوڵمانداوە چالاکی بکەین، بەڵام کۆمەڵەی خوێندکاران بوونەتە ڕێگرو نەیانهێشتووە».

ئەمە لە کاتێکدایە کە ماوەیەک لەمەوبەر جەلال تاڵەبانی پرۆژەیەکی «چاکسازیو جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت لە یەکتری» خستەر روو.

بەپێی وتەی مامۆستایانو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، «سەرۆکی زانکۆو زۆرێک لە سەرۆک بەشەکان لەسەر بنەمای حیزبی بوون دانراونو نوێنەرایەتی حیزب دەکەن،بۆیە ناتوانن ئەو سنورانە ببەزێنن کە حیزب بۆیان دەکێشێت».

د. فاروق عەبدوڵڵا، یاریدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی، وتی: «ئێمە لەگەڵ ڕاگرایەتی کۆلێژەکان مامەڵە دەکەین، سەبارە بەوەی بۆچی کۆمەڵەی خوێندکاران لە زانکۆدان، ئەمە پەیوندیی بە ڕێککەوتنی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانەوە هەیە».

شێرزاد ئەفەندی، بەرپرسی نوێنەرایەتی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، وتی: «ئێمە کاردەکەین لەنێوان مامۆستاو خوێندکارانداو لە زانکۆو نوێنەرایەتی خوێندکاران دەکەین،لەبەرئەوە کارێکی ئاساییە ئێمە لەناو زانکۆدا بارەگامان هەبێت»، دەرباری ئەوەی بۆچی کۆمەڵەی خوێندکاران دەست لە کاروباری زانکۆ وەردەداتو بەشێک لە بڕیارەکان لە ڕێگای ئەوانەوە دەردەچێت؟ بەرپرسەکەی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی خوێنکاران، ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

# «لە عێراق هەموو لایەک، لە هەوڵی بەدەستهێنانی بەشێک لە کەرکوکو خەڵاتە ئاڵتونییەکەدان»



خۆپیشاندنی کوردەکانی کەرکوک بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠

بەرهەم خالید

جێگری بەڕێوەبەری بەرنامەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت: «ساڵی ٢٠٠٩ ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی زیاد دەکات، بەتایبەت لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان کە شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت گەورەترینیانە، ئەوەش پاش قایمبونی شوێنپێی مالیکی سەرۆک وەزیران کە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بەدەستهێناو تا ئێستاش مادەی ١٤٠ی دەستورو یاسای نەوتو غاز یەکلانەکراونەتەوە».


جوست هێڵترمان، جێگری بەڕێوەبەری بەرنامەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە وتارێکدا کە کۆتایی مانگی ڕابردوو لە ماڵپەڕی گروپەکەدا بڵاویکردووەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەچوو، «گۆڕانکارییەکی گرنگ» بوو لە قۆناغی دوای سەدام حسێنی سەرۆکی پێشوی عێراق لەبەرئەوەی مالیکی توانی زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێت لە پارێزگاکانی عێراقدا، ئەوەش سەرکەوتنی ناوەندە بەسەر ئەو لایەنانەی پشتگیری فیدراڵییەت دەکەن وەک پارتە کوردییەکانو ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، بەوەش شوێنپێی مالیکی سەرۆک وەزیران قایمتر دەکات، کە بانگەشەی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز دەکات.

بە بڕوای هێڵترمان سەرکەوتنی مالیکی بۆ گوتاری نەتەوەییو ڕێوشوێنە سەربازییەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەش کوردەکانی تورەکردو مەترسی دوبارەبوونەوەی دەکەن، لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لەماوەی ئەمساڵدا، چونکە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ کاتێک مالیکی هێزە حکومییەکانی ناردە پارێزگای دیالە، کە یەکێکە لە ناوچە جێناکۆکەکان، کوردەکان داوای دەکەن هەر بۆیە سەرکردە کوردەکان نارەزاییان لەو هەڵوێستە دەربڕیو بە هەوڵێکیان زانی، کە ئەو پرۆسەیەی خانەقین سەرەتایەک بێت بۆ دەستبەسەراگرتنی کەرکوک، دواتر خەڵاتە گەورەکە کە سامانێکی گەورەی نەوتو غازی تێدایە، دواتر ئەو هەوڵانە ناکۆکییەکانی نێوان مالیکیو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی زیاترکرد، بەتایبەت، کە مالیکی داوای گۆڕینی چەند مادەیەکی دەستوری کردو بارزانیش ئەو هەنگاوانە بە هەوڵدان بۆ سەدامی نوێ وەسفکرد.

هێڵترمان ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە ساڵی ٢٠٠٩ ئەو کێشانە لە نێوان عەرەبو کورددا پەرەدەسێنێت، بەتایبەت جموجۆڵەکانی سوپای حکومەت لە ناوچە جێناکۆکەکان، چونکە تا ئێستا مادەی ١٤٠ی دەستوری تایبەت بەو ناوچانە جێبەجێنەکراوەو کێشەی نەوتو غازیش لە ئەنجومەنی نوێنەران یەکلاییەنەکراوەتەوە، کە ناکۆکی قوڵی لەنێوان بەغداو هەولێردا دروستکردوە، شاری کەرکوکیش لەپێشەوەی ئەو کێشانەوەن.

مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشنیازی چارەسەری کێشەی کەرکوکی خستە بەردەم عێراقییەکان، ئەویش بە پرۆژەی نەوت بەرامبەر خاک، کە کوردەکان سود لە سەرچاوە نەوتییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان وەربگرنو لە بەرامبەردا کەرکوک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ ماوەی (١٠) ساڵ، بەڵام عەرەبو کوردەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە، بەڵام هەندێک لە بەرژەوەندیخوازەکانی هەردولا بەلایانەوە باش بوو کە گفتوگۆی بکەن، هێلترمان لەو بارەیەوە دەڵێت: «زۆرێک لە سەرکردە کوردەکان پێیانڕاگەیاندم، کە کەرکوکێکی سەربەخۆ قبوڵ ناکەن».

جێگری بەڕێوەبەری کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی (ICG) دەپرسێت، کە ئایا لایەنی عەرەبی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێت لە عێراق هیچ بازرگانییەک لەسەر ئەو شارە قبوڵ دەکەن؟ بە بۆچوونی ئەو وەڵامی ئەو پرسیارە تەنها لای دانیشتوانی کەرکوکە، هێڵترمان دەڵێت: لە سەردانە بەردەوامەکانی بۆ ئەو شارە، کە دواترینیان لە مانگی ڕابردوودا بووە گفتوگۆی فراوانی لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی سەرجەم پێکهاتەکان کردووە، هەموو لایەک بەتایبەت کەرکوکییەکان خۆیان کۆکن لەسەر ئەوەی کێشەکە بە گفتوگۆکردنی ئاشتیانەو توافوقی چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی باری گوزەرانی دانیشتوانی ئەو شارە باش بکرێتو هەولێرو بەغدا بگەنە چارەسەرێکی گونجاو بەبێ ڕوبەڕوبونەوە، ئەوەش پێویستی بەوە هەیە کە هەردولا واز لە هەستو سۆز بهێننو واقیعیانە بیربکەنەوە، سنورێک بۆ لێکتێنەگەیشتنو ڕاگەیاندنی دژ بەیەک دابنێن لەپێناو چارەسەرێک، کە هەموو لایەک ڕازی بکات.



## شۆڕش‌و کوڕە ناکۆکەکانی

# خوێندنەوەیەک بۆ کێشە هەنوکەییەکانی یەکێتی

عەزیز رەئووف

**گەر بمانەوێت شۆڕش بپارێزین، پێویستە مانایەکی تر بە شۆڕش ببەخشین**
**جاک دریدا**
«for what tomorrow…. Dialogue»

ئەو دۆخەی کە ئێستا یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، دۆخێک نییە تەنها پەیوەست بێت بەم ڕێکخراوەوە، بەڵکو ئەوە زەنگێکە، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە گۆڕان‌و نوێبوونەوەیە، ئـەو دۆخـــەی ئێستا یەکێتی خـۆی‌و کۆمەڵگاشی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، بێشک دۆخێکی چاوەڕوانکراو بوو، دەبوو هەر روبیدایە، چونکە ئەم ڕێکخراوە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، لێوانلێو بووە لە جیاوازی‌و کوتلە، رەنگە یەکێک لە سیحرەکانی یەکێتیش ئەوە بووبێت کە توانیبێتی بەم هەموو جیاوازیانەوە لەسەر پای خۆی بوەستێت، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بووە مایەی تەقینەوەو ناکۆکی نێو کوڕەکانی ئەم ڕێکخراوە، ئەوە بوو کە ئیدی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق‌و نەمانی دوژمنی سەرەکی حیزبە کوردییەکان لە عێراقدا، ناکرێت چاو لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانیش بپۆشرێت. هەرچەندە لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەو ناکۆکیانەی کوڕەکانی شاخ لەناو یەکێتیدا هەر مابوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم ڕێکخراوە سەرگەرمی شەڕی ناوخۆ بوو لەگەڵ پاتی‌و حیزبە ئیسلامییەکاندا، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ لەتکردنی یەکێتی لەو سەردەمەدا، بە بەرژەوەندیی پارتی دەشکایەوەو رەنگە خـودی تاڵەبانیش ئەوەی لە کوڕەکانی ڕێکخراوەکەی قبوڵ نەکردایە، کە لە دۆخێکی ئاوادا یەکێتی بە بریندارى جێبهێڵن.

### چەپکە گوڵەکە دەوەرێت

ئەستەمە ئیدی بڕوا بە دروشمی چەپکە گوڵەکەی تاڵەبانی بکەین. هەموو دەزانین جیاوازیی براکان لەناو یەکێتیدا چانس بە تاڵەبانی‌و بە کەسی تر نادات کە بڵێن یەکێتی ریزەکانی ناو یەکێتی هێڵی سورەو سیاسەتی چەپکە گوڵەکە بۆ یەکێتی سیاسەتێکی گونجاوە.

دوای هاتنە دەرەوەی کارەکتەرەکانی کۆمپانیای وشـەو گروپی رەگو چوار سەرکردەکەی باڵی ریفۆرم‌و دواجاریش دەستلەکارکێشانەوەکەی کۆسرەت رەسوڵ، ئیدی ئەستەمە باس لە یەکێتی پێشو بکەین، ئێستا یەکێتی لەناو بارەگاکانیدا نییە، یەکێتی لە مەکتەب سیاسی‌و قەڵاچوالان نییە، بەڵکو ئێستا یەکێتی لە شوێنێکی ترە، ئەو شوێنە نازانم کوێیە، بەڵام دەزانم ئەوانەی لە یەکێتی دەتۆرێن‌و ئەو پیاوە شۆڕشگێڕانەی دوێنێ، کە سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتیش ناتوانێت نکۆڵی لە شۆڕشگێڕیی‌و یەکێتیبوونیان بکات، رەنگە بەشێکی یەکێتیان لەگەڵ خۆیاندا بردبێت.

کاتێک دەتوانرێت باس لە سیاسەتی چەپکە گوڵەکە بکرێت، کە سەرکردایەتیی ئەم ڕێکخراوە بە دەستەجەمعی یەکێتی لە قەیران‌و کێشەکان قوتار بکەن‌و وابکەن کە بگەڕێنەوە بۆ خەڵک. ئەستەمە باس لە چەپکە گوڵەکە بکەین کە مەکتەبی سیاسی‌و بێمنەتی بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوە هەر رۆژەی گروپێک، ئـەنـدام‌و لایەنگری ڕێکخراوەکەیان لەخۆیان بتۆرێنن‌و بە ئاشکراش باس لەوەبکەن، یەکێتی بەسەر قەیرانەکاندا زاڵ دەبێت‌و بەرگەی هەموو کۆسپەکانی تر دەگرێت.

### کە باڵی هەڵۆ دەشکێت

هیچ قەیرانێک بۆ ڕێکخراوو گروپەکان لە قەیرانی ناوخۆیی ترسناکتر نییە، یەکێتی بە درێژایی مێژووی خۆی هیچ کاتێک بارتەقای ئێستای خۆی لە قەیراندا نەژیاوە، کۆسپەکانی بەردەم یەکێتی زۆر بوون لە مێژووی دروستبوونی ئەم ڕێکخراوەدا، لە لەسێدارەدانی سەرکردەکانی کۆمەڵەوە، بۆ کارەساتی هەکاری، لە گەلەکۆمەکێی پارتە کوردییەکانەوە لە سەرەتای هەشتاکان دژ بە یەکێتی، تا ئەنفال‌و کیمیاباران، لە شەڕی ناوخۆوە بۆ شکستی (٣١)ی ئاب، بەڵام سەرباری ئەم هەموو کۆسپە، هیچ کۆسپێک وەک کێشە ناوخۆییەکانی نییە. کاتێک پۆل پۆل کوڕانی شۆڕش قوربانی‌و ماندوبوون‌و شەونخونی خۆیان لەناو ئەم ڕێکخراوەدا جێدەهێڵن، دەبێت چ مۆتیڤێکی کاریگەر وا لە کوڕانی شۆڕش بکات، کە بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ڕێکخراوە هەناسەی کارکردنی تێدا نەماوە؟ دەبێت چی وا لە کوڕانی شۆڕش بکات مێژووی خۆیان جێبهێڵن‌و ئـەم ڕێکخراوە بۆ تاڵەبانی‌و هاوڕێکانی چۆڵ بکەن؟ بە بڕوای من کێشەی یەکێتی تەنها تۆرانی کوڕەکانی نییە، بەودیویشدا بێتاقەتبوونی ئەندامان‌و لایەنگرانیشیەتی بەوەی کە ئەم هەڵۆیە، کە سەردەمانێک هیچیش نەبوو، شۆڕشی میللەتێکیش بوو، چۆن وا بەرامبەر بە قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆی دەستەوەستانە.

### تاڵەبانی وەک باوکێکی بێمنەت

ئـەوەی مایەی لەسەر وەستان بوو لەلایەن زۆرێک لە نوسەران‌و چاودێرانی سیاسییەوە، ئـەوەبـوو کـە تاڵەبانی دەستلەکارکێشانەوەی کۆسرەت رەسوڵ‌و چوار سەرکردەکەی باڵی ریفۆرمی زۆر بەشێوەیەکی سـادە وەرگـرت، تەنانەت ئامادەنەبوو بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، ئـەم بێباکییەی تاڵەبانی هێندەی تر سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوەی توشی پرسیارو تێڕامان کرد، کە تاڵەبانییەک سەرجەم شیعەو سوننەکانی بەیەکەوە ئاشت کردەوەو سەرجەم گروپو نەتەوە جیاوازەکانی عێراقی لەسەر یەک خوان کۆکردەوە، ئەوە چ خێرە ناتوانێت بەسەر قەیرانە ناوخۆییەکانیدا زاڵ بێت‌و براکان کۆبکاتەوە؟ ئەو برایانەی کە تاڵەبانیان گەیاندە بەرزترین پۆست لە بەغدا، کەچی ئەویش گوێ لە نیگەرانییەکانیان ناگرێت‌و بـە چـارەسـەرکـردنـی کاتی دەیـەوێـت برینەکانی جەستەی یەکێتی ساڕێژ بکات، ئەو برینانەی کە بە دیالۆگ لەگەڵ کوڕانی شۆڕشدا، نەک لە دورەوەو بە ناردنی نامەو پەیام بۆ کوڕە تورەکانی ڕێکخراوەکەی بیەوێت یەکێتی لەم قەیرانە ناوخۆییە قوتار بکات.

لێرەوە هەست دەکرێت تاڵەبانی وەک باوکێک بەیەک چاو تەماشای کوڕانی ڕێکخراوەکەی نەکرد، ئەو هات‌و گرنگی دا بە کۆمەڵێک لە کوڕەکان‌و ئەوانی تری بێبەری کرد، ئەو دەبوو هەر لە سەرەتاوەو دوای بوونی بە سەرۆک کۆمار، تۆپەکەی بخستایەتە قاچی مەکتەبی سیاسییەوەو خۆی لەم بەرپرسیارێتییە قوتار بکردایە، ئەوسا مەکتەبی سیاسی ئەم ڕێکخراوە خۆیان دەیانتوانی بەبێ تاڵەبانی، لەسەر پای خۆیان بوەستن‌و هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانەکان بدەن، بەڵام لە ئێستادا تاڵەبانی لێرەیەو لێرەش نییە، بەشدارەو بەشداریش نییە، وەک باوکێکی نایەکسان ناتوانێت بەو هەموو تەمەنەوە تازە کوڕەکانی لەسەر یەک خوان کۆبکاتەوە، ئەم دۆخەی کە یەکێتی بێ تاڵەبانی ناتوانێت گۆڕانکاریی بەسەر خۆیدا بهێنێت، دیاردەیەکی تەواو نالەبارە. دەبێت چ سیحرێک لەوەدابێت کەسی دووەمی ئەو ڕێکخراوە دەستلەکاربکێشێتەوە؟ کەچی هەر خۆیشی بچێت بۆ بەغداو باس لە یەکڕیزیی یەکێتی بکات؟ تارماییەکانی تاڵەبانی لەناو ئەو ڕێکخراوەدا وا بەسانایی ناڕەوێتەوە، رەنگە هەر ئەوەبێت وا لە تاڵەبانی بکات، کە لە کوڕەکانی خۆی بێمنەت بێت.

### پڵنگی سەر گردەکە

ئەوەی بەر لە هەر کەس بێئومێد دەبێت لەوەی کە یەکێتی ناگۆڕێت، نەوشیروان مستەفایە، ئەم پیاوە دوای ئەوەی لە هەوڵی چاکسازیی ناو ڕێکخراوەکەیدا شکستی هێنا، وەک کەسی دووەمی ئەو ڕێکخراوە خوانی یەکێتی جێهێشت‌و لەسەر گردێکی ناوەڕاستی شاری سلێمانیدا چاودێریی بـارودۆخـەکـە دەکـات، ئـەو هەرچەندە لە دەرەوەی بەرپرسیارێتی یەکێتییەو سەرگەرمی کاری ڕاگەیاندنە، بەڵام زۆرێک لە کوڕە تۆراوەکانی یەکێتی ئێستاش بە سەرۆکی خۆیانی دەزانن. یەکێک پێیوایە دەرکردنی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتیدا خۆکوشتنە، یەکێک دەڵێت: نەوشیروان بە کوێخای خۆمان دەزانین، زۆرێک لە کوڕانی شۆڕش پێیانوایە بێ نەوشیروان مستەفا، ماڵی یەکێتی ڕێک ناخرێتەوە، هەشە لە یەکێتیدا سورە لەسەر دەرکردنی ئەم بەرپرسە باڵایە، کە دوای جێهێشتنی ڕێکخراوەکەی هێندەی تر لە هەر گۆڕان‌و نوێبوونەوەیەک لەناو یەکێتیدا بێئومێدی کردین.

دەنگۆی ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکات، هێندەی تر بێئومێدبووین کە ئەم پیاوە بەم هەموو کێشەو قەیرانانەی ناو ڕێکخراوەکەیەوە ناگەڕێتەوە، چونکە ئەو پێیوایە ماڵی یەکێتی ناگۆڕێت، لێرەوە ئەم پیاوە دوو بەرە کۆمەکی لیستەکەی دەکەن: کوڕە نیگەرانەکانی ڕێکخراوەکەی، بەوپێیەی ئەم پیاوە سەری لەناو ئەم ماڵە پڕ لە کێشەیەدا سپی کردووە، دووەمیش نیگەرانیی شەقامی کوردی بەوەی، کە لە هەوڵەکانی یەکێتی‌و پارتی بۆ چاکسازیی بێئومێدن‌و ناشیانەوێت حیزبە ئیسلامییەکان نوێنەرایەتیان بکەن. ئیدی نەوشیروان مستەفا پڕچەکە بەم دوو بەرەیەو گەر بتوانێت چاودێریی گۆڕانکارییەکان بکات‌و حەکیمانە ئەو دۆخە بخوێنێتەوە، رەنگە ئەم دوو بەرەیە کۆمەکێکی باشی ئەم پڵنگە توڕەیەی سەر گردەکە بکەن.

دواجـار ئەو دۆخـەی ئێستا یەکێتی تێکەوتووە، دۆخـێـک نییە بە گۆڕانی دەموچـاوەکـانـی نـاو ڕێکخراوەکە لە پۆستێکەوە بۆ پۆستێکی تر چارەسەر بکرێت، ئـەو دەمـوچـاوانـەی کە جێی ڕەزامەندیی باوکە تاڵەبانین‌و لە ئاوابوونی دەموچاوەکانی تر کە نیگەرانن لەو دۆخەی یەکێتی، بێباک‌و بێمنەتە، بەڵکو دۆخی ئێستای یەکێتی پێویستی بە کۆبونەوەی سەرجەم براکانە لەسەر ئەو خوانەی کە قوربانی زۆری بـۆدراو سەری کوڕانی شۆڕشی سپی کرد.

AZIZRAUF2003@YAHOO.CO



# راستکردنەوەی باری لاری یەکێتی لەئەستۆی کێدایە؟!

ئیبراهیم بالیسانی

هەرچەندە هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لە دەرەوەی بازنەی یەکێتی‌و ئەوانەشی کە لە چەقی بـازنـەکـەدان، لە دوێنێدا دەیانوت: یەکێتی حیزبی روبارێک خوێنە، حیزبی شەهیدانەو چەوساوەکانەو حیزبی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش‌و دڕ بە شەوەزەنگدانە، کەچی هەر ئەوانەشن ئێستا قسە لەسەر کەموکوڕییەکانی ناو یەکێتی‌و خراپیی شێوازی ئەدای کاری حیزبی‌و باس لەلایەنی شاراوەیی نێو ئۆرگانەکان دەکەن! کاتێک دوو لایەنی بیروڕا جیا لەسەر ئاستەنگێک بۆچوونی دژبەیەکیان هەیە، دەبێت لە ڕێگای گفتوگۆو بینین بۆ یەکتری بیسەلمێنن تا بزانرێت کێ ڕاستەو کێش خۆڵ دەکاتە چاوی ئەوەی تر؟! ئەو رەوشە لەناو یەکێتیدا بوونی هەیەو کەسیش ناتوانێت ئینکاریی ئەوە بکات، کەواتە لەنێوانی گروپی دەرەوەو چەقی بازنەدا یەک خاڵی جیاواز بەدی دەکرێت، ئەوانەی دەرەوە دەبێژن حیزب سیمای ڕێکخراوەیی‌و ئۆرگانی پێوە نەماوەو دەسەڵاتەکان لەنێوان چەند کەس‌و ناوێکدا دابەشکراوەو سەپێنراوە!!

هەرچی ئـەوانـەی نـاو چەقەکەشن دەڵێن: ئەو بۆچوون‌و رەخنەیە لە بنەڕەتدا بوونی نییەو یەکێتی بۆ هەموانەو هی هەموانیشە، لەگەڵ ئەوەشدا راست‌و رەوان دان بەوەدا دەنێن، کە یەکێتی غەرقی کێشەو کەموکوڕی‌و ئاستەنگ بووەتەوەو روەو خراپتریش دەچێت!

بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام‌و قەناعەتێکی تـەواو لـەنـێـوان هـــەردوو بۆچووندا، پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی وردو دەردەشەیەکی هەمەلایەنەو زانستیانە هەیە تا بتوانین جیاوازیی بکەین لەنێوان دیدی هەردوو گروپی نەیارو دژبەیەک، کە بە ئاشکرا هەنوکە ئەو دژایەتییە لەنێو یەکێتیدا هەیە، رەنگە هەر لەناو ئەو ڕێکخراوە سیاسییەدا (یەکێتی)، کادیرو ئەندام هەبن، پێمان بڵێن: جا بۆ نەیارو دژ بەیەک؟

لەوانەیە ئەوان بڵێن: خۆ یەکێتی لەوەتەی هەیە هەڵگری بیری ئازادو دیدی جیاواز بووە، هیچ کاتێکیش وا ڕێک نەکەوتووە هەڵگرانی دیـدی جیاواز لە بەرامبەر یەکتریدا ببن بە دژو لە هەوڵی سڕینەوەی یەکتردابن‌و گۆڕەپانەکە بەیەکتری چۆڵ بکەن، بەڵام ململانێی فیکرو روانینی جیا بۆ شێوازی سیاسەت‌و روداوو کێشەکان، بوونی هـەبـووەو ئێستاش هـەر هەیە، لەبەرئەوە بۆ دەرخستنی روی ڕاستەقینەو ئاگاداربوون لەو سـەردەمـە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی زو، واتا ئەو رۆژگارانەی کە یەکێتی وا تێیدا خەباتی کردو بوونی هەبوو.

یەکێتی لە سەردەمی شاخدا، تا ڕاپەڕین دەتوانین بڵێین: فرە مینبەرو ڕێکخراوێکی هەمەلایەنە بووە لەڕوی فیکرو بیرکردنەوەو شـێـوازی تێکۆشان، بونی (کۆمەڵە)و (شۆڕشگێڕان) وەک دوو ڕێکخراوی سـەربـازی‌و سیاسی لـەنـاو یەکێتیدا هەردووکیان لەڕوی فیکرو سەرکردایەتی‌و تەنزیمییەوە سەربەخۆو ئازادبوون! بەڵام لە هەمانکاتدا بە هـەردوولا رەوڕەوەی خەباتی سیاسی یەکێتیان رادەکێشا.

لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی، کە دوای ڕاپەڕین گرێدرا، ئەو دوو ڕێکخراوە خۆیان حەلکردو لەناو بۆتەی یەکێتیدا خۆیان تواندەوە! پاش ئەو گۆڕانە ئیجبارییە! کە دەڵێم ئیجباری مەبەستم ئەوەیە رەنگە ئەو یەکگرتنەوەیە بەدڵ‌و ڕەزامەندیی هەموو کادیرەکانی هـــەردوولای ڕێکخراوەکە نەبووبێت، بەتایبەت بۆ کادیرانی کۆمەڵە!!

ناتوانرێت بـشـاردرێـتـەوە لەپاش ئەو گۆڕانە، یەکێتی رۆژ بـەڕۆژ زیاتر روبەڕوی گرفت‌و کێشەی ناوخۆ بووەوە! بوونی دەستەگەری‌و لەبەرچاوگرتنی بـــەرژەوەنـــدیـــی تـایـبـەت‌و حـــەزی بەرپرسیاریەتی، یەکێتی سەرگەردانتر کرد! بۆیە هەندێک لە سەرکردەو فەرماندەو کادیری بەتوانا لەو ڕێکخراوە سیاسییە پەیتا پەیتا دورکەوتنەوەو ماڵئاواییان لە حیزبەکەیان کرد، کە تا دوێنێ خۆیان لەپێناو ئەو حیزبەیان دەکردە قوربانی. ئەو کاتانەی کە ئەو کادیرە بەهەڵوێست‌و دیارانە هەوارەکەیان جێدەهێشت، کەسێک نەبوو بە جدیی پێیان بڵێت: بۆ لێمان دادەبڕێن‌و خۆتان جیادەکەنەوە؟ رەنگە بۆ دڵدانەوە تەنها لە کۆبوونەوەیەکدا یان لە کەناڵ‌و ناوەندێکی ڕاگەیاندن پێیان وتبن: ئێوە رۆڵی بەرچاوتان هەبووە لەناو یەکێتی‌و یەکێتی بەهەوڵ‌و هیمەتی ئێوە گەیشتە ئەم قۆناغە. لەپاش ئەو چەندە پەیڤە، کادیرە دابڕاوەکان چۆن ڕۆیشتن، ئاواش یەکێتی لەبیری کردن‌و لە هەوڵی گەڕانەوەیاندا نەبوون!!

دورکەوتنەوەی هەموو ئەو کادیرانە هۆکارێک بوو، کە بووە هۆی ئەوەی یەکێتی روبـەڕوی ئەم قۆناغەی ئێستا ببێتەوەو بەو دەردەوە بناڵێنێت! ئیهمالکردن‌و پەراوێزخستنی ڕۆڵ‌و دەوری ئەو هەموو کادیرە باش‌و دیارانە، فاکتەر بوو کە وایکرد یەکێتی بەم دوڕیانە پڕ مەترسییە بگات.

ئەگەر لەگەڵ هەریەک لەو کادیرانەی، کە یەکێتیان بەجێهێشت ئاخاوتن‌و گفتوگۆی جدیی بکرابایە، بێشک ئەمڕۆ بەرپرسانی ترو کادیرانی دی ئاوا بە سادەو سانایی پشتیان لە یەکێتییەکەیان نەدەکرد. دورکەوتنەوەو دابڕانی ئەو هەموو سەرکردەو فەرماندەو کادیرە پێشکەوتانەی یەکێتی لە ڕابردوو بە ئێستاشەوە، فاکتەرە بۆ لاوازبوونی یەکێتییەکەمان!


بێگومان بەهێزکردنەوەی یەکێتی‌و ڕێکخستنەوەی یەکێتی‌و هاتنەوە مەیدانی یەکێتی وەک ڕێکخراوێکی سیاسی سەردەمی‌و خـاوەن زۆرترین ئەندام‌و جەماوەر، بەبێ گەڕانەوەی ئەو هەڤاڵانەی کە ئێستا تۆراون‌و دورن، کارێکی حەتمی‌و موستەحیلە.

جا بۆ ڕاستکردنەوەی بـاری لاری یەکێتی، پێویستە هەموو هاوڕێ‌و هەڤاڵێکی ماندوی ناو یەکێتی‌و دەرەوەی یەکێتی بەشداربن لە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی یەکێتی، بەدەر لەوە وا تێناگەم یەکێتی ناو یەکێتی لەوە باشترو چاکتربێت.

Info_balisani@yahoo.com

www.rozhnama.com

# بەکارهێنانی هەڕەشە دەرەکییەکان بۆ دەستکەوتە نێوخۆییەکان



د. سەلاح عەزیز *

لەو دواییانەدا کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان زمانێکی توندیان لە بەرامبەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیـرانـی عێراقی بەکاردەهێنا، ئەو پەرەسەندنەش دەکرێت وەکو هەوڵێکی سەرکردە کوردەکان لێک بدرێتەوە بۆ بەکارهێنانی هەڕەشە دەرەکییەکان بەمەبەستی بە پەراوێزخستنی ئەو بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنانەی، کە تازە سـەرهـەڵـدەدەنو دەردەکـــەون، یاخود هەوڵێک بێت بۆ سنوردارکردنی خواستە سیاسییەکانی مالیکی بۆ پتەوترکردنی ڕۆڵـی حکومەتی ناوەندی لە عێراقدا، لـە هـــەردوو حـاڵـەتـیـشـدا، مەترسی سستبوونەوەی پرۆسەی دیموکراسیو تێکچوونی ئـەو هەلومەرجە ئـارامو جێگیرەی کوردستان لەئارادایە، بۆیە لەسەر کوردەکان پێویستە، کە بە ئاگاییو دادپەروەرییەوە سود لە مافەکانی خۆیان ببینن لە عێراقی فیدراڵو دیموکراسیدا.

بەکارهێنانی هەڕەشە دەرەکییەکان بۆ بەدەستهێنانی هێزو دەسەڵاتی ناوخۆیی، نەریتێکی بـاوو ئـەزمـون کـراوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ساڵی ١٩٧٩دا سەدام حسێنی دیکتاتۆری پێشو توانی زۆر لە سەرکردە بەرزەکانی حیزبی بەعس لەناوببات، بە بیانوی پاشکۆیەتیکردنیان بـۆ ڕژێـمـی دەســەڵاتـدار لـە سوریا، دوبـاره لە ساڵی ١٩٨٠دا هەمان شتی بەکارهێنایەوە کاتێک، کە هێرشی کردە سەر ئێران بە بیانوی ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر ڕژێمە عەلمانییە نەتەوەپەرستییەکەی کە عێراقی حوکم دەکـرد. سوریاش لە سـەردەمـی هـــەردوو ســـەرۆک حافیز ئەسەدو بەشار ئەسەدیشدا هەڕەشەو داگیرکاریی ئیسرائیلیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی گەلەکەیان بەردەوام لە ترسدابێت، بەوەش دەتوانن بەردەوامبن لە مانەوەیان لە سەروی دەسەڵاتی ئـــــەو وڵاتەدا. بە دور لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش، هەریەک لە کۆریای باکورو کوباش، بە درێژایی نیو سەدە سیاسەتەکانیان بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا بەکاردەهێنا لەپێناو پارێزگاری لێکردنی دەسەڵاتو کۆنترۆڵیان بەسەر وڵاتەکانیاندا، ئەو دیکتاتۆرانە هۆکاری سەرەکی داڕمانو شەکەتبوونی وڵاتەکانیانن لـەڕوی ئابووریو سیاسییەوە، ئەوەش هەمووی لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکانیانە.

ئایا ئەگەری ئـەوە هەیە، کە پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستانیش هەمان ڕێچکە بگرنەبەرو بـرەو بدەن بـە هەستی تـرس لەنێو خەڵکیدا لە بەرامبەر مالیکی بەمەبەستی هێشتنەوەی دەســەڵاتـیـان بـەسـەر کـوردسـتـانـدا؟ کاتێک کە ڕەخنەگرتن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زیادبووندا بێتو کوردستانیش دەرکەوتنی گروپی سیاسی بەخۆیەوە ببینێت، ئەوا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆر کەس دەڵێن: بەڵێ. ئەو گروپە تازە پەیدابووانە، ئیدیعای ئەوە دەکـەن، کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ئەوانەی دەنگیان پێداوە، هەروەها پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئـەو حـکـومـەتـەش لـەسـەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسییەکان، حوکمی کوردستان دەگێڕن، سەروەتو سامان کۆدەکەنەوە، لە پاراستنی کێشەو پرسە نەتەوەییەکانیش کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە هـەروەک چۆن هەندێک لە ئۆپۆزسیۆنەکانیش وای دەبینن، ئەو پارتە سیاسییە دەسەڵات بەدەستانە لە کوردستان سەرنجی خەڵکیان لە کێشەو گرفتە ڕاستەقینەییەکانی کوردستان گۆڕیوە بەرەو خودی مالیکی، بەمەبەستی هێشتنەوەی دەسەڵاتەکانیان بەسەر ئەو هەرێمەدا.

حکومەتی کوردستانیش لەمەڕ کێشەو پرسی جیاواز نیگەرانیی خۆی لە بەرامبەر مالیکی دەربڕیوە، بەوەی دژی پێکهێنانو دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی ئیسنادن لە کوردستانو ئەو ناوچانەشی، کە کێشەیان لەسەرە، هەروەها بەوەش تۆمەتباری دەکـەن کـەوا بە ئەنقەست چـارەسـەرکـردنـی کێشەی کەرکوک دوادەخات لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)دا، هەندێک کەسیش مالیکی بە سەرکردەیەکی فاشیزمو دژ بە دیموکراسی دادەنێن، لە ئەنجامدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هیوایەکی بە حکومەتی مالیکی نەماوە، هەربۆیەش ئاماژە بە هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان کـوردو عەرەبدا دەکەن. سەرکردایەتی کورد لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتییەکی سیاسی تازەشدایە لە بـەغـدا، تا بتوانێت حکومەتەکەی مالیکی بگۆڕێت، لەوەش زیاتر داوایان لە حکومەتی ئەمریکی کردووە، کە فشار بخاتە سەر بەغدا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لە سەرەوە باسیان لێوەکرا.

ترسی کوردەکان لە حکومەتی ناوەندی، ترسێکی بێبنەما نییە، بە درێژایی مێژووی سەردەمی عێراق، حکومەتە ناوەندییەکان لەکاتی لاوازبوونیاندا دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کردووە، بەڵام کاتێک هێزو توانایان پەیداکردووەتەوە، ئەوا هێزو توانا سەربازییەکانیان لەدژی گەلی کورد بەکارهێناوە. نوری مالیکی سەر بە حیزبی دەعـوەیـە، کە حیزبێکی عەرەبخوازو ئیسلامخوازە، بۆیە ئـەگـەری ئـەوە لەئارادایە، کە مل نەدات بۆ داواکارییو خواستەکانی گروپە عیلمانییە کوردەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن، کەوا لە ٢٠٠٣ەوە، گروپە ئیسلامییە شیعەکانو پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارە کوردییەکانیش هاوبەشن لە حکومەتی عێراقیدا. بەکارهێنانی دەزگـا ڕاگەیاندنەکانی سەر بە حیزبە دەســەڵاتـدارەکـان بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەڕەشەو مەترسییەکانی مالیکی، ڕەنگبێت ببێـتە مایەی نانەوەی ترسو دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکیدا، کە وایان لێبکات دەنـگ بە هەمان ئەو پارتە سیاسیانە بدەنەوە، کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. ئەو پێگە جەماوەرییەشی کەوا مالیکی لەو دواییانەدا بەدەستی هێنا، نابێت ببێتە مایەی نیگەرانیی کوردەکان، بەتایبەتیش کە لەڕێی بەرەنگاربوونەوەو لەناوبردنی میلیشا نایاساییەکان، گـێـڕانـەوەی سەقامگیریی، دابینکردنی خزمەتگوزارییو بـەڕێـوەبـردنـێـکـی سـەرکـەوتـوانـەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان بەدەستی هێناوە، تا بێتو دەسەڵاتی سیاسیش لە بەغدا بەپێی دەستور حوکم بکات، ئەوا پێویست بە هەبوونی مەترسی ناکات لە کوردستان، تەنها وریابوون پێویستە.

دەبێت کوردستان پەند لە مێژوو وەربـگـرێـت بـەوەی کـە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەنها پشتیوانی لەو گەلو نەتەوانە دەکـاتو ڕێزیان لێدەگرێت کە بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانیانو بەهاکانیان دەکەن لە چوارچێوەی یاسادا. دوای داواکاریی ئەو دواییەی کوردەکان لە ئەمریکا بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی مالیکی، وتەبێژ بـەنـاوی وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمریکا (رۆبەرت ود)، لە ١٤ی شوبات، بە ئەسیۆشیەتید پریسی وت: «هاوڵاتییە عێراقییەکان دەبێت متمانە بە سیستمی دیموکراسی لە وڵاتەکەیان بکەنو پشتی پێببەستن، تا بتوانن دور لە جیاوازییەکانیان بەیەکەوە کاربکەن، نەک پشت بە ئەمریکا ببەستن»، ئەوە پەیامێکی ڕونو ئاشکرایە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستوردا بجوڵێتەوە، نـەوەک لەسەر بنەمای هەڕەشەکردنو دەستێوەردانەوە.

لـەمـیـانـەی پـەرەسـەنـدنـی دیموکراسیەتەوە، پارتە سیاسییەکان گەلێکجار تەکنیکو شێوازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانو مانەوەیان لـە دەسـەڵاتـدا، بۆیە دەبـێـت خەڵکی کوردستان ئەوانە هەڵبژێرن، کە خزمەتیان دەکـەنو بەرگریی لە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانیان دەکەن.

*** تایبەت بۆ ڕۆژنامە**
**وەرگێڕانی: ئەیاد خالد**

# ئایا پەرلەمان مافی دەستکاریکردنی یاسای هەڵبژاردنی هەیە؟



م. شۆڕش حەسەن عومەر

ئێمە لە هەرێمی کوردستان تائێستا خاوەنی دەستورێکی خۆمان نین، تا شێوازی حوکمو پێکهاتەی دەسەڵاتە گشتییەکانمان بۆ ڕێک بخات، بنەچەی قانونی هەموو دامەزراوە قانونییەکانی هـەرێـم، تەنیا قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی ژمـارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ە، کە لـەلایـەن سـەرکـردایـەتـی سیاسی بەرەی کوردستانیەوە دانراوە، وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی دوای ڕاپەڕین تا پێکهێنانی دامـەزراوە قانونیەکانی هەرێم (قانوندانان، جێبەجێکردن، دادوەری) لـەسـەر ئەساسی ئەو قانونەی هەڵبژاردن.

دەبوایە دوای دەستبەکاربوونی ئەم دامـــەزراوە قانونیانە، پـرۆژەی دەستورێک بۆ هەرێم ئامادە کراباو بخرایەتە ڕاپرسییەوە بە مەبەستی پەسەندکردنو کار پێکردنی، وەک قانونێکی ئەساسی بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکانی هەرێم، بەڵام کە ئەمە نەکرا ئـەوا ئـەو قانونەی هەڵبژاردن هەرچەندە لە رووی شکڵەوە بە قانونێکی ئاسایی دەناسرێتو ناودەبرێت، بەڵام لە ڕووی بابەتو ناوەرۆکەوە بە قانونێکی دەستوری دادەنـرێـت، چونکە ئەو قانونە باس لە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی هەرێم دەکاتو سەرچاوەی قانونی هەموو ئەو دەسەڵاتانەی ئێستای هەرێم پێک دێنێت، هەربۆیە بە غیابی دەستوری هەرێم، ئەو قانونە حسابی دەستوری بۆ دەکرێت. جگە لەمەش ئەم قانونە لـەلایـەن سـەرکـردایـەتـی بـەرەی کوردستانیەوە کە لە (٨) حیزب پێک هاتبوو دانرابوو، ئەو بەرەیەش ئەوسا نوێنەری زۆربەی دانیشتوانی هەرێم بوو دەسەڵاتی دیفاکتۆ بوو، بەڵگەشمان ئاستی بەرزی بەشداری هاوڵاتیان بوو لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩.

بەڵام ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دوای (١٧) سـاڵ لـەم هەڵبژاردنە مێژووییە، بەم پێکهاتەی ئێستایەوە ئەو دەسەڵاتەی نییە، نە بەپێی قانونی هەڵبژاردنی ئاماژە پێکراو، نە بەپێی ڕێو شوێنێکی تر کە ئەو دەسەڵاتەی لە میللەت وەرگرتبێ، کە دەستکاری ئەو قانونەی هەڵبژاردن بکات، کەچی ئەوە جاری چوارەمە ڕاستکردنەوەی لەسەر دەکات، ئەویش بە پشت بەستن بە برگەی (١) لە مادەی (٥٦)ی قانونەکە کە دەڵێت: (پەرلەمان مافی دانانی قانونی هەیە)، بەڵام ئایا ئەم مافەی پەرلەمان بە ڕەهایی (مطلق)ی هاتووەو پەرلەمان مافی دانانو دەستکاریکردنی هەموو جۆرە قانونێکی هەیە؟

لەبەر ئەوەی قانونی هەڵبژاردنی ئاماژە پێکراو وەک گوتمان قانونێکی دەسـتـوریـەو لـەلایـەن دەسـەڵاتـی دامەزرێنەرەوە دانـراوە، کە (بەرەی کوردستانیە)، دواتر بەپێی ئەم قانونە دەسەڵاتە دامەزراوەکان (پەرلەمانو جێبەجێکردن، دادوەری) دروستبوون. بۆیە پەرلەمان کە دەسەڵاتی دامەزراوە بەپێی ئەو قانونە دامەزرێنەرە ناتوانێت دەستکاری خودی ئەو قانونە بکات کە دامەزرێنەرو خولقێنەری خۆیەتی، لەلایەن خۆیەوە بە بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆلای گەل. بەڵام بەپێی برگەی (١)ی مادەی (٥٦)ی ئاماژە پێکراو پەرلەمان مافی دانانی ئەو قانونانەی هەیە، کە پێویستن بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دادوەری، تا ئەوکاتەی لە نزیکترین فرسەتدا دەستوری هەرێم دادەنراو دەکەوتە کارەوە، بەڵام دوای دانانی دەستورو بەکاربوونی ئەوا پەرلەمان ئەو مافانەی لەبەر سێبەری دەستوری هەرێمدا پیادە دەکات.

بەڵام لە وەزعـی ئێستای هەرێم کە دەستورمان نییە دوای ڕەتبوونی (١٧) ساڵ بەسەر پەرلەماندا، ئەوا ئەو پەرلەمانە هیچ پاساوێکی قانونی نییە، تا دەستکاری قانونی هەڵبژاردن بکات بێ گەڕانەوە بۆ میللەت.

بەڵام لە وەزعی ئێستا، هەرێم دوای (١٧) ساڵ لە تەمەنی ئەو پەرلەمانەو نەبوونی دەستور، ئەوا هیچ پاساوێکی قانونی بەدەست پەرلەمانەوە نییە، مـادەی (١/٥٦)یـش ئەو حەقە نادات بە پەرلەمان کە بە ئارەزوی خۆیو بەویستی ئـەو دوو حیزبە بێتو دەسـتـکـاری قانونی هـەڵـبـژاردن بکات لەو لایەنانەی، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو حیزبە دەکات، چونکە زۆر مەسەلەی تر لە قانونەکە هەیە پەرلەمانی وەک خۆی هێشتوەتەوە. لەوانە (شێوازی دەنگدان بۆ لیستی داخراو) کە زۆرینەی خەڵک داوای لیستی کراوە یا نیمچە کراوە دەکـەن، بەڵام چونکە بەرژەوەندی ئەو دوو حیزبە دەخوازێ لە لیستی داخـراوبـێ هـەر تا ئێستا بەلاشیدا نەچووین یا ئەگەر باسیشی بکەن لەژێر فشاری داواکـاری جەماوەردا ئەوا پاساوو هۆی نابەجێ دەهێننەوە کە کەس قەناعەتی پێناکات.

بۆیە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەجدی دەیـەوێـت هەڵبژاردنێکی ئـازادانـە ئەنجام بـدات، ئـەوا با بیر لە دانانی قانونێکی تری هەڵبژاردن بکاتەوە لەجیاتی ئەو قانونەی کە ئـەوە چـوارجـاره ڕاستکردنەوەی لەسەر دەکات. قانونێک کە ویستو خواستەکانی جـەمـاوەرو سـەردەم لەخۆ بگرێتو بە ئالیەتێک دابنرێت، کە جگە لە پەرلەمان هەموو حیزبو توێژە جیاوازەکانی هەرێم بەشدارییان مسۆگەر بێت لە دانانیدا لەکاتێکی گونجاودا، ئەگەر هەر ئەوەش ناکاتو قانونە کۆنەکە دەستکاری دەکات با لەو دەستکاری کردنەیدا ئاوڕێک لە داخوازییەکانی خەڵک بداتەوەو پێشنیازەکانی ئەوانیش لەبەرچاو بگرن، چونکە کەسمان دوژمنی ئەو ئـەزمـونو دەسکەوتە نین، هەموو تێبینیو داواکـاریو گلەییەکان لە دڵسـۆزیو پەرۆشیمانەوەیە بۆ سەرکەوتنی.

**دوای (١٧) ساڵ لە تەمەنی ئەو پەرلەمانەو نەبوونی دەستور، ئەوا هیچ پاساوێکی قانونی بەدەست پەرلەمانەوە نییە، مادەی (١/٥٦)یش ئەو حەقە نادات بە پەرلەمان کە بە ئارەزوی خۆیو بەویستی ئەو دوو حیزبە بێتو دەستکاری قانونی هەڵبژاردن بکات لەو لایەنانەی، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو حیزبە دەکات**

## ئاگاداریەک لە کۆمپانیای بەڕێزەوە

بۆ بەشداربووانی پرۆژەی ئاسودەو سەرجەم هاوڵاتیانی خۆشەویست

کۆمپانیای بەڕێز مژدە ئەدات بە هاوڵاتیانی کوردستان و عێراق کە ئێستا ئەتوانن لەرێگای سەنتەری زانیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەڕێزەوە ئاشنا بن بە کارو چالاکی پرۆژەو بەرهەمەکانی کۆمپانیا لە رێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنانەوە:

میدیا تلیکۆم: ٥٢٥٢

کوردتێل: ٥٢٥٢

ئاسیاسێل: ٠٥٣٥٢٥٢

کۆرەک تیلیکۆم: ٠٥٣٥٢٥٢

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥

ژمارە/ ١٧/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٣/٢

**ئاگاداری**

داواکار/ زولفان جمال محمد
بۆ داوالەسەرکراو/ محمد صباح علی کمال
داواکار داوای ژمارە/ ١٧/ب/٢٠٠٩ لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی بۆ نەهێشتنی کۆبەشی لە موڵکی ژمارە ٨٣/٣٥٢ م.د لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بونت دادگا بڕیاری دا بە ئاگادار کردنەوەت بە دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆوە بۆ ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٧ کاتژمێر ٩/٣٠ی سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە دادگا بە نائامادەبونت دادبینی ئەنجام دەدات.

**القاضی**
**عبدالله اسماعیل امین**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی داد
بەڕێوبەرایەتی گشتی فەرمانگەکان داد
بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی چەمچەماڵ

ژمارە / ١٦ , ١٧ تنفیذ / ٢٠٠٩
بەروار / ٢٦ / ١ / ٢٠٠٩

**ئاگاداری**

بۆ / داوالێکراوی جێبەجێکردن (عبدالخالق محمود فقی اسماعیل)
لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بریارماندا بە ئاگادار کردنەوەت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆییەوە کە ئامادەبیت لە بەردەم ئەم بەرێوبەرایەتیە لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژدا بۆ جێبەجێکردنی هەردوو بریاری دادگای باری کەسێتی کەرکوک ژمارە (٥٣٥٠) لە (٢٠٠٨/١١/١٣ ) و (٥٣٥١) لە ٢٧ / ١٠ / ٢٠٠٨) بە رەزامەندی کە پێویستە بری (٤٢٤٠٠٦٢) چوار ملێون و دوو سەد و چل هەزار و شەست و دوو هەزار دینار بدەی بە داواکاری جێەجێکردن (فدان عدنان خورشید) وەک مارەیی پاشەکی و تەعویز تەڵاق تەعەسفی بە پێچەوانەوە ناچاردەبین بە زۆر جێبەجێ بکەین .

**نوشێروان احمد رسول**
**جێبەجێکاری دادی چەمچەماڵ**

---

## دەرکردنی گۆڤارێکی نوێ

**گۆڤاری «بوار» گۆڤارێکی وەرزی فیکری رۆشنبیری گشتییە**
**خاوەن ئیمتیازی (عومەر عەلی کەریم).**
**سەرنوسەر (طارق ئەوڕەحمان حمە صالح)ە.**

---

حکومة اقلیم کوردستان
مجلس القضاء
محکمة بداءة کفری

العدد / ١٤٩ / ب / ٢٠٠٨
التاریخ / ١٧ / ٢ / ٢٠٠٩

اعلان

المدعی / ستار ویس / وکیلة العام المحامی / سرکوت نجم الدین محمد
المدعی علیهم / ١- سرحان روضان مرعی ٢- عدنان روضان مرعی ٣- قحطان روضان مرعی
٤- احمد روضان مرعی ٥- صبیحة روضان مرعی ٦- جمرة روضان مرعی ٧- وردة روضان مرعی
٨- کمرة روضان مرعی ٩- شمسة روضان مرعی ١٠- شکحة روضان مرعی ١١- زینب روضان مرعی ١٢- فظیلة عباس محمد
اصدرت هذة المحکمة قرار حکمها الغیابی العنی المرقم ( ١٤٩/ ب / ٢٠٠٨ ) بتاریخ ( ٢٩/ ١/ ٢٠٠٩ ) المتضمن تملیك الدار المرقمة (٤١-١٠٧ ) م ١٦ کفری باسم المدعی ( فیصل ستار ویس ) وتبین من ورقة الدعوتیة المرسلة الیکم بانکم مجهولی محل القامة حالیا . علیة اقتضی تبلیغکم اعلانا بالنشر فی صحیفتین یومیتین محلیتین وولکم حق العتراض الحکم الغیابی خلال ( ١٠ ) عشرة ایام من تاریخ النشر ویعکسة سوف یکتب القرار لدرجة القطعیة و تنفیذ القرار بحقکم غیابا حسب الاصول و وفق القانون .

**الحاکم**
**عباس محی الدین قادر**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٥٤٧ — R٥**

پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە رێگای (قەڵادزێ ـ هەڵشۆ، قەڵادزێ ـ دارەشمانە، هەڵشۆ ـ شێخ ئاودەلان)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٣/٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٣/١٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٥٤٦ — R٥**

پرۆژە: راکێشانی تۆری ئاو بۆ (ئالاوە) لە شارۆچکەی هەڵشۆ

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٣/٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٣/١٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٥٤٨ — R٥**

پرۆژە: دابین کردنی پێداویستی هاتووچۆ (رێگاوبان) لە قەڵادزێ

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٣/٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٣/١٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤

ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی سەد مەتری- پشت هۆتێل ئاڤەشین ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥



# ئەمریكامان خۆشدەوێت، بەڵام...

چۆلی ئەسعەد

ئاساییە ئێمەی كورد (تەنها) لە باشوری كوردستاندا، خۆشەویستیمان بۆ ئەمریكا هەبێت، چونكە بە رزگاركەری خۆمانی دەزانین، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە كەسی ترمان خۆشنەوێت كە شایەنی خۆشویستنی راستەقینەیە.

لە چەند رۆژی رابردووشدا سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە لێدوانێكدا، خۆشەویستیی گەلی كوردی بۆ ئەمریكا دوپاتكردەوەو وتی: «ئێمە ئەمریكامان خۆشدەوێت».

ئەم وتەیە ئەوەندەی وەك لێدوانێكی سۆزاویی دەردەكەوێت، ئەوەندە رەهەندێكی سیاسی نییە، كە سەرۆكێكی حكومەت دەریببڕێت. خۆشەویستی تەنها لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە، چونكە لە دەریای كاری سیاسیدا، بەتایبەتیش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەوەی كە دەمێنێتەوە پەیوەندییە، ئەوەندەی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابووریی و بازرگانییەكانو... هتد، رۆڵ دەبینن لە دروستبوونی پەیوەندییەكاندا، هیچ شتێكی بەدەر لەو بەرژەوەندیانە ناتوانێت كارابێت لە دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان دوو لایەندا، كەواتە ئەوەی ئێمەو ئەمریكاش بەیەكەوە دەبەستێتەوە، تەنها یەكێكە لەمانە.

با ئێمە قسە لەسەر ئەوە نەكەین، كە ئایا بەرژەوەندیی ئەمریكا لە عێراقو كوردستاندا چییە؟ بۆچی ئەمریكا رژێمی پێشوی روخاند؟ بەرژەوەندیی ئەمریكا لەو هاوكارییەی گەلانی عێراقدا چییە؟

با قسە لەسەر خۆشەویستیمان بكەین بۆ ئەمریكا، بۆچی ئەمریكامان خۆشدەوێت؟ بەڵام ئەمریكا گوێ بە داواو مافەكانی ئێمە نادات، رەنگە ئاسایش بێت ئێمە ئەمریكاشمان خۆشبوێت، هەروەك سەرۆكی حكومەت وتی، بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە پەیوەندی بەوەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی هەیە بەوەی كە ئایا بەقەد ئەوەی ئەمریكامان خۆشدەوێت، خۆمان خۆشدەوێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە بەراوردێك بكەین لەنێوان ئەوەی بۆخۆمانمان كردووە، لەگەڵ ئەوەی بۆ ئەمریكامان كردووە، ئەوەی پێكهاتەكانی دیكە بۆ خۆیانو بۆ ئەمریكایان كردووە، كە وەك كورد سودیان لە رزگاركردنی عێراقدا بینیوە.

لەبەر بەرژەوەندیو سیاسەتەكانی ئەمریكا لە عێراق، زۆر شتمان لە حكومەتە یەكبەدواییەكەكانی عێراق، هەر لە عەلاویو جەعفەرییەوە بگرە تا مالیكی قبوڵكرد، لە بەرامبەر كەركوكو ناوچەكانی دیكە، زۆر دەنگمان بەرزنەكردەوە نەوەك ئەمریكا خەبەری بێتەوەو پرۆژە سیاسییەكانی گرفتیان بۆ دروستبێت، لەسەر زۆر مافی دیكەی سیاسیو دیبلۆماسیتردا بێدەنگ بووین، نەوەك بارودۆخە ناسكەكە بڕوشێت، لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە پڕ لە خۆشەویستییەمان بۆ ئەمریكا، چیمان دەستكەوت؟ تەنها دۆڕاندنی ئیرادەو كاتو خەونەكانمان، بەڵام پێكهاتەكانی دیكەی عێراق، لەگەڵ ئەوەی لە پرۆسەی رزگاركردنی عێراقدا بوون بە كەسایەتییەكی بەهێزتر، هەمیشە پێداگریی دەكەن لە بەرامبەر ئەمریكادا بۆ بەدەستهێنانی خواستەكانیان، هەموو یارییەكانی كات كوشتنیان لە بەرژەوەندیی خۆیان كۆتایی پێهێنا، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانیشدا، راستییەكی دیكەمان بۆ دەركەوت، كە تەنها ئەو لایەنانە سەركەوتوو بوون كە پێداگریان لەسەر خواستەكانی خۆیان دەكرد، خۆشەویستیان بۆ ئەمریكا هیچی پێنەبەخشین.

بارودۆخی ئێمە جیاوازە لەگەڵ هی ئەوان، مەرج نییە ئەوەی بۆ ئەوان دەچێتەسەر، بۆ ئێمەش بچێتەسەر، بەڵام ئەوەی ئێمە دۆڕاندومانە، خۆشەویستیمانە بۆ خۆمان، ئینتیمامانە بۆ پیرۆزییەكانمان، ئەزمون وەرنەگرتنە لە رابردوو، وەرنەگرتنی پەندێكە بۆ ئایندە، كات دەڕواتو ئێمە دەگەڕێینە دواوە.

چی دەبوو، ئەگەر بەقەدەر ئەوەی ئەمریكامان خۆشدەوێت، خۆشەویستیمان بۆخۆمان هەبوایە؟ چی دەبوو ئەگەر شەڕی دروستكردنی تەوافوقێكی راستەقینەمان لەنێوان خۆماندا بكردایە؟ نەك تەوافوقێك تەنها بۆ بەرژەوەندیی لایەنەكانو ئەزمونی دیموكراسیمان باجەكەی بدات، چی دەبوو، ئەگەر پرۆژەی بونیادنانی ئینتیمایەكی نیشتمانیو نەتەوەییمان بۆخۆمان سازبكردایە؟ ئایا ئێستاو داهاتووش باجی ئەو كەمتەرخەمیانەمان نادەین؟ كێ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە؟ نەوەی داهاتوو چۆن مێژووی حوكمڕانیمان بخوێنێتەوە؟

ئێستاش درەنگ نییە بۆ خۆشویستنی خۆمان، ئێستاش كات بەڕێوەیە بۆ سازدانی تەوافوقێكی راستەقینەو گێڕانەوەی متمانە بۆ یەكتریو كردنەوەی دەرگایەكی دیكەی دیموكراسی بەڕوی خۆماندا.

ئەگەر ئێمە خۆمان خۆمان خۆشنەوێت، كەس ئێمەی خۆشناوێت، ئەگەر من خۆشەویستیم بۆخۆم نەبێت، ئاخر چۆن دەتوانم یەكێكی ترم خۆشبوێت؟ ئەگەر خۆمان خۆشنەوێتو پێداگریی لەسەر داواكانمان نەكەین، یەكێكی تر بۆ دەبێت ئێمەی خۆشبوێتو كار بۆ بەرژەوەندییەكانی ئێمە بكات.

cholyasaad@yahoo.com

# خەت بەزاندن

جەمال عەزیز



لەم ماوەیەدا لە بەریتانیا شتێك رویدا، كە بووە جێی باسوخواستی خەڵكیو بۆ ماوەی دوو هەفتە زۆربەی كەناڵەكانی میدیا (رۆژنامە- رادیۆ- TVو گۆڤارەكان)ی سەرقاڵكردبوو، هۆیەكەشی ئەوەبوو، كە پێشكەشكاری بەرنامەیەكی (TV) كە خۆی سیاسیش نییە، بەڵكو زۆر بەناوبانگە كە بەهۆی بەرنامەیەكەوە دەربارەی ئۆتۆمبێل پێشكەشی دەكاتو لە زۆربەی كەناڵە تەلەفزیۆنەكانی جیهاندا پەخش دەكرێت.

باشە دەبێت ئەم پیاوە چی وتبێت؟ ئایا وتویەتی ناعەدالەتی كۆمەڵایەتی هەیە! یان وتویەتی حكومەت گەندەڵەو خزمەتگوزارییەكانی لە ئاستی پێویستدا نییە! ئەی خۆ نەشی وتوە ئەم حكومەتە، حكومەتێكە گرنگی دەدات بە تایەفەگەریو خزم خزمێنەو پۆستەكانیان بۆ خۆیان قۆرخكردوە! هەروەها نەشی وتوە چەند ئەندامێكتان جاسوسی دەوڵەتانن و فایلیان هەیە! هەڵبەتە ئەم شتانە لەم وڵاتانە لە ئارادا نین، بەڵكو شەرمیشە باسی بكەیت.

پێشكەشكاری ئەو بەرنامەیە ناوی (جێریمی كلاركسن)ەو بەرنامەكەی ناوی (TOP GEAr)ە. كلاركسن وتبووی سەرۆك وەزیران، مەبەستی لە (گوردن براون)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیایە، بەریتانیای مەزن، سكۆتلەندیەكی بە تاكچاوی دەبەنگو بێ عەقڵە. (گوردن براون لە كاتی لاویدا كە خوێندكار بووە لە یاری (Rugby)دا چاوێكی لە دەستداوە). ئەمە لە كاتێكدایە كە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا روبەڕوی قەیرانێكی ئابووری بوونەتەوە، لە ئەمریكا سەرۆك (BUSH) لەدوا كاتەكانی دەسەڵاتیداو بەم دواییەش ئۆباما سەدان ملیۆن دۆلاریان دایە بانكەكانیان بۆ بوژانەدنەوەیان. لە چەند لایەكەوە گوشار خرایە سەر (كلاركسن) بۆ ئەو قسانەی كە بە (براون)ی سەرۆك وەزیرانی وتبوو، بە هێرشی شەخصیان دایە قەڵەمو لە ئەنجامدا (كلارسكن) رونكردنەوەیەكی داو زۆر داوای لێبوردنی كرد، كە سەرۆك وەزیرانی بە سكۆتلەندیەكی تاكچاو ناوزەند كردوە، بەڵام وتبووی بە هیچ جۆرێكو هەرگیز داوای لێبوردنی لێناكەم كە ناوم بردوە بە گەمژەو بێ عەقڵ، دەبێت تا زووە واز لە پۆستەكەی بهێنێت، چونكە ئەو بووەتە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی كە وڵاتەكەی تێی كەوتوە.

سەیر لەوەدایە (براون) بە هیچ جۆرێك بەو قسانە سەغڵەت نەبوو، وەڵامیشی نەدایەوە (هەرچەندە لەو وڵاتانە ئەوە هیچ سەیر نییە، بەڵكو زۆر سروشتیشە). ئێ خۆ هیچ خەتی سورو مۆریش نییە تا خەڵك گوێی بداتێ. لای خۆمان لە نوسینەكاندا كەم تا زۆر ناوی (شەخص) نەبراوەو هەمیشە دەوترێت كە سیستەمەكان سەقەتو نا تەواوەو پێویستی بە چاكسازی هەیە، كەچی سەرباری ئەوەش دێنە جوابو جۆرەها تەبریری بۆ دەهێننەوەو ناوو ناتۆرەی سەیریش لەو كەسانە دەنێن كە داوای چاكسازی دەكەن، ئەو چاكسازیەی ئەگەر بە جدی بكرێت میللەت هەمووی سود لە خێرو داهاتی وڵات وەردەگرێتو چیتر سامانمان بە فیڕۆ نادرێتو میللەتیش بریتی نابێت لە كەمێكی دەوڵەمەندی تازە هەڵتۆقیو بەرامبەر زۆرێكی كەم دەرامەتو هەژار، ئەو زۆرەی گەر خواردنی بایەكەی لێ ببڕدرێت زەحمەتە ژیانی بۆ ببرێتە سەر.



# بەعسییەكان لە ئێمە لەپێشترن؟

## نامەیەكی كراوە بۆ سەرۆك كۆماری عێراق بەڕێز مام جەلال

د. نامق عوسمان بەكر*

ماوەیەك بەر لە ئێستا دەنگۆی هاتنی جێگری سەرۆكی هەرێم بەڕێز كاك كۆسرەت بۆ زانكۆی كۆیە لەئارادابوو، هەرچەندە لای كەسمان مەبەستی سەردانەكەی نەدەزانرا، تا ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٢/٢٨ جەنابی كاك كۆسرەت بە یاوەریی د. ئەرسەلان بایز سەردانی زانكۆی كۆیەی كرد، لەو سەردانەیدا بەڕێز كاك كۆسرەت پێشوازییەكی زۆر گەرمی لێكرا لە زانكۆی كۆیە، وەكو دەركەوت جەنابی كاك كۆسرەت بەمەبەستی سازكردنەوەیماڵی یەكێتی نیشتمانیی كوردستانو رێكخستنەكانو ئاشتكردنەوەی دڵسۆزو وەفادارە دڵشكاوەكانی هاتبوو، لەو وتەیەیدا جەنابی زۆر باسی لە قارەمانیەتی یەكێتیو دڵسۆزیی ئەندامەكانی كرد، ئینجا باسی لە رۆڵی شەهیدانی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان كرد، تا گەیشتە ئەوە مێدالیای شەرەفی بە كۆمەڵێك پێشمەرگەی یەكێتی بەخشی، پاشان گروپێكی تریش بەناوی رێكخستنی نهێنی شارو زیندانی سیاسی مێدالیای رێزلێنانیان پێ بەخشرا.

لەو ناوەندە من (د. نامق عوسمان بەكر) نە لەلایەن رێكخستنەكانی (ی.ن.ك)، نە لە كۆمیتەی زانكۆش لەبارەی مەبەستی ئەو سەردانە ئاگادار نەكراوم، تەنها ئەوەندە نەبێت كە دەیانوت ئەم رێزلێنانە تایبەت دەبێت بە پێشمەرگە كۆنەكان، من خۆم ئەندامی رێكخستنەكانی (ی.ن.ك) بوومە هەر لە ساڵی ١٩٨٥ەوە لەسەر دەستی كادیری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر شەهید هاشم شەمامكی، ئینجا زیندانی سیاسی بوومە لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لە ئەمنی هەولێرو دواتر حیجزی ئەمنی تا ساڵی ١٩٨٨ بە لێبوردنی گشتی ئازادبوومە، ئێستا حاڵی حازر معامەلاتی زیندانی بوونم لە دەزگای زیندانییەكانی هەولێرەو وەسڵم بۆ براوەو تەسەلسولم هەیە لەلایان بۆ ئەو مەبەستە، ئینجا من كوڕی شەهید عوسمان بەكرم (كە یەكێك بووە لە فەرماندە سەربازییە هەرە ئازاو زەبر بەدەستەكانی باڵی مەكتەبی سیاسی لە ساڵانی شەستەكانو دواتریش لە ساڵی ١٩٦٨ لە شەڕێكی ناوخۆ لە هەولێر شەهید كراوە، كەسێكی نزیك بووە لە بەڕێز مام جەلال)، من ئەوكاتە لە بەكرەجۆ لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم، هەروەها برای شەهید كاوە عەوێنەم كە لە ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕ لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیدا شەهیدكرا لەگەڵ (٣) هەڤاڵی تێكۆشەری خۆی، شەهید كاوە ئەوكاتە سەردەستەی یەكێك لە مەفرەزەكانی بەڕێز كاك كۆسرەت بوو، هەروەها برازای شەهید حاجی بەكرم لە شەڕی قەیوان- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦ شەهیدبوو، برازای هەردوو شەهید زكری بەكرو شاكر بەكرم كە لە ساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨ لە ئەمنی هەولێر گوللەباران كرانو خانوەكانیان لە گەڕەكی تەیراوە لەگەڵ خاك تەخت كران. من ئامۆزای شەهید عزەت عەزیز بەكرم، كە لە ساڵی ١٩٨٨ لە قەندیل كونە كوتر لەگەڵ جەنابی بەڕێز كاك كۆسرەت بوو شەهیدكرا، تەنانەت تەرمەكەشی لە راپەڕین هەر جەنابی كاك كۆسرەت خۆی هێنایەوە بۆ هەولێر. من نامەوێت ریكلام بۆ خۆمو بنەماڵەی شەهیدەكانم بكەم، هەرچەندە ئێمە لە هەولێر بە بنەماڵەی شەهیدان ناومان دەركردووە، من هەرگیزاو هەرگیز لە یەكێتی دانەبڕاوم، لە ژیانمدا رۆژێك چییە بەعسی نەبوومە، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا من لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان لە قاسمەڕەشو قولەهەرمێو زەڵێ بوومە، ئێستا من دەمەوێت بزانم مەگەر ئەو ئاشتبوونەوە سەرتاسەرییەی یەكێتی نیشتمانیی كوردستانو جەنابتان من ناگرێتەوە؟ ئەگەر نا، تووبیخواتان لەو كۆبوونەوەیەدا بە هەردوو بەڕێزان كاك كۆسرەتو د. ئەرسەلانیش كێ ئەوەندی ئێمە قوربانی داوە، ئەی (سەروەرن شەهیدەكانمان) كرۆكی هەموو باسەكانی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان نییە؟! ئەی چۆن بەرپرسی كۆمیتەی زانكۆی كۆیە زاتی ئەوە دەكات خەڵكانی جگەرسوتاوی وەكو ئێمە وا ریسوا بكات؟! بە چاونوقانێك مەرامی خۆی جێبەجێ بكاتو خەبات و خوێنڕشتنی شەهیدەكانمان بسڕێتەوە، ئایا ئەوە گەندەڵی نییە؟! ئایا ئەوە چەواشەكردنی ئەندامو دڵسۆزانی یەكێتی نییە؟! ئایا ئەوە تەكەتول نییە سوكایەتی بە خوێنی شەهیدان دەكەن؟ كۆمیتە لەجیاتی رێزو برایەتی بخاتە ناو كادیرو دڵسۆزەكانی، تازە بەتازە دەست دەكات بە چاندنی تۆی دوبەرەكایەتیو تەكەتول دەكات پاش ئەوەی بەڕێزتان پەنجەتان خستووەتە سەر برینەكانی یەكێتیو مژدەی پێكەوەنانەوەی یەكێتیتان پێ راگەیاندین، كۆمیتەی ناوبراو رۆژانە (٤) مامۆستا روی تێناكات. هەرچەندە سەدانو هەزاران ئەوەندەی تر خراپەمان دەرهەق بكرێت، ئێمە لە یەكێتی نیشتمانیی كوردستان لارێ ناكات، من دەمەوێت بزانن من لە ژیانمدا تەكەتولی هیچ كەس نەبوومە تەنها یەكێتین، تەنها خوێنمان بۆ یەكێتی رشتوە.

* زانكۆی كۆیە
كۆلێژی زمان
یاریدەدەری راگر





PLAN CO.
For General Contracting

## Vacancy Announcement

**The PLAN COMPANY for General Contracting seeks qualified applicants for the post of:**

**ADMINISTRATIVE ASSISTANT & FINANCIAL ASSISTANT**

1\
- Post title: ADMINISTRATIVE ASSISTANT.
- University degree preferable in field related to business administration or public administration
- A minimum three years work experience, preferable with International organization.
- Excellent communication skills and very good knowledge of English and Kurdish.
- Good knowledge with MS-Office, Internet Tools

2\
- Post title: FINANCIAL ASSISTANT.
- University degree in any of financial sciences or related field is desirable
- A minimum three years work experience, preferable with International organization.
- Excellent communication skills and very good knowledge of English and Kurdish.
- Good knowledge with MS-Office, Internet Tools

**Application Procedures:**
Interested candidates are requested to submit their CV, to plan company -stage 4 Substation project office

**Address:** Close to the office of PUK politburo, handren109, street No.3, Office No.2, sulaimanyah - Iraq.
For More Information call: 0770 3581010, 0770 154 0872, 319 3545
E-mail: Plan@plancompanyiraq.com
Validation Period: March 8, 2009.




# کۆمەڵایەتی

٨ لاپەڕە




د. مژدە ڕەشان:

## کوردستان پێویستی بە ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافەکانی نەخۆش هەیە

تەوەری ریفۆرمی تەندروستی لە لاپەڕە ٤، ٥و ١٦ بخوێنەوە

komalayati@rozhnama.com سێشەممە 2009/3/3 ژمـارە (418)



### ڕۆڵی بنکە تەندروستییەکانی گوندەکان

ل٤

### لە سیستمی تەندروستی هەرێمدا نەخۆش مافی نییە

ل٦

# جەنگی سپی



ئالودەبووان بە مادە هۆشبەرەکان، وەکو تاوانبار تەماشادەکرێن نەک وەک نەخۆش

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠١ی نەتەوە یەکگرتووەکان، داهاتی فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان لە ساڵی (١٩٩٨)دا (٨٥) ملیار دۆلار بووە لە جیهاندا، لە ساڵی (٢٠٠٠)دا نزیکەی (٥٠٠) ملیار دۆلار، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی (٢٠١٥)دا بگاتە (٧) ترلیۆن دۆلار.

**لە یادی ٨ی مارسدا، ڕۆژی جیهانی ژنان، پاشکۆی کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی تایبەت لە ڕۆژی یەکشەممە بڵاودەکاتەوە**

# سنورەکان، بازاڕی سەرەکی مادە هۆشبەرەکانن


مادە هۆشبەرەکان، هۆکاری سەرەکی نەخۆشی ئایدزن

دلێر عەبدولخالق

بەپێی ئامارێکی هۆبەی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی ڕاپەڕین، لەماوەی ساڵی ڕابـردوودا (٢٠٠٨)، (١٦) حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی مادەی هۆشبەر کە لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان هێنراوە، تۆمارکراوە، بەوهۆیەشەوە (١٧) کەس دەستگیرکراون لەگەڵ (٦) کیلۆگرام مادەی هۆشبەر لە جۆرەکانی تلیاکو هێرۆینو کریستاڵو ژمارەیەکی زۆر حەبی ترامادۆڵ.

بەگوێرەی ئامارەکە، ئەو (١٧) کەسە تۆمەتبارن بە مامەڵەکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە، (٥) کەسیان دانیشتوی خۆرهەڵاتی کوردستان (ئێران)نو (١١) کەسەکەی تریش دانیشتوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانن.

ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران گرنگترین شوێنەکانی بازرگانیکردنو مامەڵەکردنن بەمادەهۆشەبەرەکانەوە،قاچاخچییەکان لە سنورەکان ئەو مادەیە دەپەڕێننەوەو لەناو سنوری هەرێمیشدا لەگەڵ چەند کەسێکی تر ڕێکدەکەون بۆ فرۆشتنەوەیانو گەیاندنی بەدەستی ئەو کەسانەی ئاڵودەی بەکارهێنانی ئەو مادانەن.

لە سنوری قەزای پشدەر (قەڵادزێ) کە ناوچەیەکی سنورییە لەگەڵ ئێراندا، ساڵانە بڕێکی زۆر لە مادەی هۆشبەر دەستی بەسەردا دەگیرێت، ئەو کەسانەش دەستگیر دەکرێن کە بەشێوەیەکی نایاسایی ئەو مادانە دەهێننە هەرێمی کوردستانەوەو مامەڵەیان پێوە دەکەن.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی ڕاپەڕین (ڕانیە) بۆ ڕۆژنامەی ڕونکردەوە کە ساڵانەو بەپێی پلانێکی وردو بەرنامە بۆداڕێژراو، هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ڕێگابگرن لە دزەپێکردنی مادە هۆشبەرەکان بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەکە ڕایگەیاند: چەندین هاوکاریان هەیە لە ناوچە سنورییەکانو لە جموجوڵەکانی قاچاخچی مادە هۆشبەرەکان ئاگاداریان دەکەنەوەو لە ١٤ مانگی ڕابردوودا (١٧) کەس بەهۆی مامەڵەکردن بەو مادانەوە دەستگیرکراوە، هەروەها دەستیان گرتووە بەسەر زیاتر لە (٦) کیلۆگرام لە جۆرە جیاوازەکانی ئەو مادانەدا.

سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوەشکرد لەو (١٦) حاڵەتەدا، کەمیەتی مادەکان جیاوازەو لە (١٠٠) گرامەوە دەستی بەسەرداگیراوە تا گەیشتووەتە زیاتـر لـە دوو کیلۆگرام، دوایـیـن حاڵەتیش دەستبەسەرداگرتنی زیاتر لە (٢) کیلۆگرام مادەی کریستاڵ بووە کە گرنگترین جۆری مادەی هۆشبەرەو لە هەموو مادەکان گرانترە، لەناو کیسێکدایە کە مۆری ئەفغانساتی پێوەیەوەو لە گوندێکی نزیک مەرزی (گەناو) دەستی بەسەرداگیراوەو کەسێکیش بەوهۆیەوە دەستگیرکراوە.

لەبارەی چارەنوسی دەستگیرکراوەکان، ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا ئەو (١٧) کەسە لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ڕانیە دەستگیرکراون بەپێی مـادەی ١٤ لە یاسای مادە هۆشبەرەکان. چوار لە دەستگیرکراوەکان، دۆسیەکانیان ڕەوانەی دادگای تاوانەکانی سلێمانی کراوەو یەکێکیان حوکمی بەسەردا سەپێنراوە، (١٣) کەسەکەی تریش تا ئێستا لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان بەردەوامە، جگە لەوەی چەند داواکراوێکی تر هەبوون کە بەشداربوون لە بازرگانیکردنو مامەڵەکردن بەو مادە قەدەغەکراوانەو تا ئێستا دەستگیر نەکراون.

# مادە هۆشبەرەکانو مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەنوەر عەرەب ئەمین

لـەنـێـوان سـاڵانـی (١٩١٢- ١٩٨٨) نزیکەی (١٠) ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بـۆ بنبڕکردنی مـادە هۆشبەرەکان ئیمزاکراوە، لەوانە (جنێف ١٩٣١، لاهای ١٩٣٦، جنێف ١٩٣٦، پرۆتۆکۆڵی نیویۆرک ١٩٥٣، پاریس ١٩٤٨، ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ١٩٨٨) دیارترینیانن.

ئەو ڕێککەوتننامانەش دەرئەنجامی تەشەنەسەندنی بازرگانیو بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بـووە، ڕۆژ بە ڕۆژ بازرگانی پێوەکردنی زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا پاشکەوتووەکان، کوردستانی ئێمەش بەشێکە لەو بازاڕە نوێیە. زیادبوونی ئـەم بازرگانییەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چونکە بەدوای خۆیدا هەرەسی ئابووریو نەخۆشیی مەترسیداری وەک ئایدزو بێکاریو شەڕەنگێزییو تاوانکاریی بەرهەم دەهێنێتو ڕێـژەی تـاوان زیاد دەکـــات، جگە لـــەوەی مەترسیشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.

کۆکردنەوەی مـادە هۆشبەرەکانو ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی خۆی هەیەو نابێت نائاگاو نەشارەزابین بەرامبەر بەو مەترسیو ئاسەوارانەی ئەم مادانە بەتایبەت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا جێیان دەهێڵن، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستانو ئێران، کە یەکێکە لە دەوڵەتە بەکارهێنەرەکانو هەروەها وەک ناوەندێک بۆ ترانزێتی ئەم مادانە تەماشا دەکرێت بۆ ئەوروپا.

بـازرگـانـیـکـردن بـەم مـادانـەوە سەرچاوەیەکی دارایـی بەهێزی باندە مافیاکان پێک دەهێنێت، کە بەپێی ڕێکەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان بە (تاوانی ڕێکخراو) هەژمار دەکرێت، هەر بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠١ی نەتەوەیەکگرتووەکان، داهاتی ئەم مادانە لە ساڵی ١٩٩٨دا (٨٥) ملیار دۆلارو لە ساڵی ٢٠٠٠دا نزکەی (٥٠٠) ملیار دۆلار بووە، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٥دا بگاتە (٧) ترلیۆن دۆلار، هەروەها بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان دوای بازرگانیکردنە بە نەوتو چەکەوە.

ئەم مادانە بە دوو شێوە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکەن، وەک ئەوەی کەسانی ئاڵودەبوو بەم مادەیە دەبنە بار بەسەر کۆمەڵگاوەو توانای کارکردنیان نامێنێت، بەمەش ڕێژەی بەرهەمهێنان ڕو لە کەمی دەکاتو نەبوونی پـارە بۆ دەستخستنی بڕی پێویستی مادەکە، ئاڵودەبووەکە ڕوبەڕوی چەندین جـۆری تـاوانو دروستکردنی باندو مافیا دەکـاتـەوە، کە دواتـر دەبنە مەترسیی گەورە بۆ دەزگاکانی ئاسایشو ئارامیی هاوڵاتییان، هەرچەندە تا ئێستا بەهۆی ئەوەی کاریگەرییە خراپەکانی لە سەرەتای دەرکەوتندایە، لە کوردستاندا نەگەشتووەتە ئەو ڕادەیـە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیو تەشەنەسەندنیان، چاوەڕوانی دروستبوونی حاڵەتی لەم چەشنە دەکرێت.

ئامارو تۆمارەکانی ئاڵودەبووان لە کوردستاندا زۆر وردو زانستیانە نین، بەڵام ئەوەندەی زانـراوە لە گرتوخانەی ئاسایشی گشتی هەولێر (٧٠٠) کەس بەتۆمەتی بازرگانیکردنو بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون، لە ئاسایشی گشتی سلێمانیش بەپێی وتـەی عەقید جەلال ئەمین بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە ماوەی یەک ساڵدا (١٠٥) کەس بە تۆمەتی بازرگانیو بەکارهێنانی ئەم مادانەوە دەستگیرکراون کە لەنێوانیاندا کەسانی ئێرانی هەیە، هەروەها بەپێی هەواڵێکی زاگـرۆس تیڤی لەماوەی یەک مانگدا لە کەرکوک (٣٢) کەس پشکنینی خوێنیان بۆ ئەنجامدراوەو دەرکەوتووە کە توشبوون بە مادە هۆشبەرەکان کە لەناویاندا (٤) ئافرەتی تێدایەو تەمەنی ئەو کەسانە زۆرینەیان لەنێوان (١٥- ٤٠) ساڵیدایە.

خوپێوەگرتنی ئەم مادانە کەسانێک بەرهەم دەهێنێت نابەرپرسیار دەبن بەرامبەر بە بەهاو بنەما کۆمەڵایەتیو نەتەوەییەکانو تاکێکی گۆشەگیرو بێ ئینتیما بۆ خـاکو حکومەتو نەتەوە دروستدەکاتو دەستەمۆی دەزگاو لایەنە سیخوڕییەکان دەبن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسانە لەنزیک ناوەندو دەسەڵاتەوەبن، بۆیە زۆرجار کەسانی نزیک بەرپرسەکان دەکرێنە ئامانج بەمەبەستی دەستخستنی زانیاریی.



چـارەسـەرکـردنـی ئاڵودەبووانیش پرۆسێسێکی درێژخایەنەو پارەیەکی زۆری تێدەچێتو دەبێتە ئەرکێکی گران بۆ وەزارەتـــی تەندروستیو حکومەت، لـەڕوی دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ توشبووانو ڕاهێنانیان لەسەر چۆنیەتی وازهێنان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانە (١١٠) ملیار دۆلار خەرج دەکات لەپێناو بنبڕکردنی ئەم مادانەداو هەروەها بەریتانیا ساڵانە (١٩) ملیار جونەیهی ئەسترلینی بەکاردەهێنێت بۆ هەمان مەبەست، کە زیاترە لە بودجەی هەریەکە لە فێرکردنو بەرگریی لەو وڵاتەدا، بۆیە دەبێت حکومەتو دەزگاو لایەنە بەرپرسەکان درک بە مەترسیی ئەم پەتایە بکەنو هەڵمەتی هۆشیارییو ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ بگرنەبەر لەپێناو بەرگرتن لە تەشەنەکردنی.

Anwar_arab@yahoo.com

www.netewe.com

## لە نیشتمانەکەم خەڵک بۆچی خۆیان دەکوژن...؟

**رزگار رانگور**

خەڵک بۆ خۆی دەکوژێت؟ ئەمە ئەو پرسیارە جدیەیە کە دەبوو لە یەکەم خـۆکـوژەوە یان کـوژراوەوە سـەرانـی سیاسیو پەرلەمانتاران، بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕانایە،بەڵام لە نیشتمانی ئێمەدا ئەوەی نەبووەتە باسو خواسی کۆبوونەوە یەک لەدواییەکەکانی پشتی دەرگا داخراوەکان، مەرگی ئەو ئازیزانەیە؟ ئایا هەموو خۆکوژییەک ورەبەردانو ترسنۆکییەو بڕوا نەبوونە بە چارەسـەری کێشەکان، یاخود خۆکوژان خەڵکانی لاوازنو بێباوەڕن یان وەک دەڵێن دەرونیان نەخۆشەو توانای بەرگەگرتنی ئەو روداوەیـان نییە، مامۆستایانی ئایینی دەڵێن خۆکوژان خەڵکانی بێبڕوان بە دین، ئەوانە چاوەڕوانی رەحمەتو نوری خوا ناکەن، دەروونناسەکانیش دەڵێن ئەوانە کێشەی دەرونیان هەیەو هەواڵی ناو رۆژنامەکانیش هەمان قسە زو زو دەجونەوەو دەڵێن: خۆکوژ کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە، لێ باری دەرونی ئاڵۆز بـووەو تواناو بەرگریکردنی نەماوەو بڕیاریداوە خۆی بکوژێت.

ئـەو تـەرمـانـەی دەگـەیـەنرێـنـە گۆڕستانەکان گوایە خۆیان کوشتوە، ژمارەیان چەندەو چ هۆکارێک لەپشتی ماڵئاوایيکردنیانە، چەندیش دەکوژرێنو تاوان بەرامبەریان دەکرێتو دەڵێن خۆی کوشتوە، ئەوە ژمارەیەکە کەسمان نایزانین، لە نیشتمانەکەی ئێمەدا هەرزانترین شت مرۆڤە، مرۆڤی کورد بێنرخترین کەسانێکن کە ئەمڕۆ لەسەر گۆی زەوی دەژین، دەنا دەبوو سنورێک بۆ ئەو لەشکرە خۆکوژو کـوژراوە دابنرایە، تۆ بڕوانن لەکاتێکدا تیرۆریست یان هەرکەسی تر لە داگیرکەران خەڵکی کورد دەکوژن، ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت، هەڵەبێت یان پیلانیان کردبێت بۆ لەناوبردنیان راستەوخۆ بەرپرسان دەڵێن با قەرەبوبکرێنەوە، ئاخر خوێن کەی بە پارە دەفرۆشرێت، بۆ دیاردەی خۆکوژیو کوژران لەماوەی ئەم ١٨ ساڵەدا لە هەڵکشاندایە، هەموو توێژێکی کۆمەڵایەتی تەنیوەتەوەو بەرپرسان مێش میوانیان نییەو کۆبونەوەیەکی جدییو پرسو رایەکیان لەگەڵ خەڵکدا نەکردووە، جوابیشی بکەن تەنها لیژنەی بۆ دادەنێن، وەک ئەو هەموو لیژنانەی بۆ پرسەکانی تر دانـراوەو هیچیان نەکردووە.

ساڵانی پێشتر زۆرینەی خۆکوژان مێینە بوون، هەنوکە خۆکوژان زیاتر نێرینەو زۆریان لاوی تازە پێگەشتون، دەبوو لە جێگایەکی وڵات جێدەستیان دیـاربـوایـەو ئاسودەبونایە، بەڵام بەداخەوە خۆکوژان ژیان رەتدەکەنەوە بـەرلـەوەی بەرپرسەکان وانەیەک فێربنو بەخۆیاندا بچنەوە.

# ئایا خۆکوشتن لە کوردستان بووەتە دیاردە؟

**شارا عەبدولڕەحمان**

بەپێی سەرژمێرییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) دەرکەوتووە کە ژمارەی روداوەکانی خۆکوشتن لە جیهاندا ساڵانە دەگاتە (٨٠٠– ٩٠٠) هەزار حاڵەت.

لەم روانگەیەوە لە کوردستانیش رێژەی خۆکوشتن لە هەڵچووندایەو رۆژانـە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئـەو حاڵەتانە دەبیسترێت کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیو داراییو چەند کێشەیەکی ترەوە هاوڵاتییان خۆیان دەکەنە قوربانی دەستێکی نادیار، کە دواتر چەندین چەرمەسەریو خەفەت بۆ کەسوکاریان جێدەهێڵن.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی تەنها لە ساڵی رابردوودا (٣٠) کەس لەو پارێزگایە خۆیان کوشتووە کە (٢٢)یان پیاوو هەشتیان ئافرەت بوون، سەرجەمیشیان بـۆ خۆکوشتن پەنایان بـردووەتـە بەر بەکارهێنانی چەک، هەر لەو ساڵەو بەپێی ئامارێکی وەزارەتـی تەندروستی لە (٣) پارێزگاکەی هەرێم (٤٥) کەس بەپەت خۆیان خنکاندووە کە تێیدا (٩) پیاوو (١٢) ئافرەت لە هەولێرو(٦) پیاوو (١١) ئافرەت لە سلێمانیو (٤) پـیـاو(٣) ئافرەت لە دهـۆک هەبوون، زۆربەیان تەمەنیان نەگەیشتووەتە (١٨) ساڵ.

بەپێی ئـامـارەکـانـی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی کە یەکێکە لـەو شوێنانەی تۆماری حاڵەتەکان دەکـات، ساڵی ٢٠٠٦ زیاتر لە (١٢٠٠) حاڵەتی خۆسوتاندنی ژنان لە کوردستان تۆمارکراوە، کە (٤٥٠) کەسیان گیانیان لەدەستداوە، ئەم رێژەیەش لەچاو ساڵی ٢٠٠٥دا زیادی کـردووە، بەو پێیەی لەو ساڵەدا (٧٥١) ژن هەوڵی خۆسوتاندنیان داوەو (١٢٣)یان گیانیان لەدەستداوە، هاوکات لە ساڵی پێشتردا (٢٠٠٤)، (١٨٠) کەس خۆیان دەرمانخوارد کـردووە بەمەبەستی خۆکوشتن، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەو رێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ (٢٦٠) کەس کە (٢١٠)یان مێینە بوون لەنێوان تەمەنی (١٢– ٣٠) ساڵی بوون.

خوێندکارانیش لەو دیاردەیەدا پشکییان بـەرکـەوتـووەو ساڵانە چەندین حاڵەتی خۆکوشتن لەناو قوتابیانو خوێندکارانی خوێندنگاکاندا تۆمار دەکرێت، هەر لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان مانگی رابـردوو کۆنفرانسێکی زانستی بەهاوکاری رێکخراوی (هراتلاند ئەلایەنس) بۆ پێداویستی مرۆییو مافی مرۆڤ بۆ توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگاکانی شاری سلێمانی سازکرد، باسیان لە مەترسییەکانی بـڵاوبـوونـەوەی ئـەو دیـاردەیـە لەناو خوێندکاراندا کردو داوای هەوڵدانیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتانە لێکردن، ئەویش لە رێگای هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانو هاوکاریکردنیان لەکاتی بوونی کێشەدا.

خۆکوشتن: بریتییە لە کۆتایهێنانێکی دەستکردانەی مرۆڤ بەژیانی خۆی ئەم کارەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خۆیەتی دەرهەق بەژیانی خۆی ئەنجامدەدرێت، هەندێک جار کارەکە سەرکەوتو دەبێتو ژیانی کۆتایی دێـتو هەندێک جاریش کارەکە سەرکەوتو نابێت، بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان (٣٠٪–٧٠٪)ی خۆکوشتنەکان پەیوەندییان بەخەمۆکییەوە هەیە، چونکە لەکاتی خەمۆکیدا مـرۆڤ بیرکردنەوەی دەشێوێتو ناتوانرێت ژیرانەو دروست بیربکاتەوە، ئەگەر ئەم حاڵەتە چارەسەر نەکرا ئەوا هەستدەکات کەسێکی بێهیواو بێناخەو بیر لە کۆتایهێنان بەژیانی خۆی دەکاتەوە.



تەرمی گەنجێک لە شاخی گۆیژە– سلێمانی    فۆتۆ: pukmedia

**لە (٣) پارێزگاکەی هەرێم (٤٥) کەس بەپەت خۆیان خنکاندووە کە تێیدا (٩) پیاوو (١٢) ئافرەت لە هەولێرو(٦) پیاوو (١١) ئافرەت لە سلێمانیو (٤) پیاو(٣) ئافرەت لە دهۆک هەبوون، زۆربەیان تەمەنیان نەگەیشتووەتە (١٨) ساڵ**

www.netewe.com

ــــــۆک بە پلەی یەکەم دێت لەڕوی کەمی دەستەبەرنەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێمی
ــــــووە، شاری سلێمانی ٢،٦٪و بە پلەی دووەم دێت لە کەمی خزمەتگوزاری تەندروستیو هەولێر (١،١٪)ە

## د. مژدە ڕەشان:

# کوردستان پێویستی بە ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی نەخۆش هەیە

بەرهەم عومەر

د.مژدە ئیسماعیل ڕەشان، کە خاوەنی دوو بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری نەشتەرگەری کۆئەندامی هەرسو غودەی دەرەقی، ئەزمونی زیاتر لە ١٠ساڵ کارکردنی هەیە لە نەخۆشخانەکانی هۆڵەنداو ئەندامی چەند ڕێکخراوێکی پزیشکی جیهانییە، پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دەیەوێت گۆڕانکاری بکات لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشو چەند پێشنیارێکی هەیە بۆ ریفۆرمکردن لە سیستمی تەندروستیدا.

د. مژدە سەرەتا لە کلینکە تایبەتەکەی خۆیەوە دەستی کردوە بە هەندێک گۆڕانکاریو دەخوازێت لەو کۆنفرانسە تەندروستیەی بڕیارە لە مانگی ئایندەدا لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ببەسترێت، پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش بکات.

بەرلەوەی د. مژدە کۆچ بکات بۆ دەرەوەی وڵات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی بووەو لە زانکۆی سلێمانی مامۆستا بووە، ئێستاش گەڕاوەتەوە هەمان زانکۆو وانە دەڵێتەوە.

بەپێی لێدوانی وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، عەلی ئیبراهیم، لە مانگی (٤)دا کۆنفرانسێکی تەندروستی بۆ ریفۆرمکردنی سیستمی تەندروستی لە شاری هەولێر دەبەسترێت بە بەشداریی چەندین ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیو پێدەچێت کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگ لەو کۆنفرانسەدا بڕیاری لەسەر بدرێت، وەکو سیستمی گرێبەست بۆ پزیشکو کارمەندانی تەندروستیو کردنی نەخۆشخانەکان بە کەرتی تایبەتو ڕێکخستنەوەو چاوخشاندنەوەی زیاتر بە کارەکانی وەزارەتی تەندروستیدا.

د. مژدە ئیسماعیل کە داوای لێکراوە لێکۆڵینەوەیەک لەو کۆنفرانسەدا پێشکەش بکات، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند هەرچەندە دەبوایە ئەو کۆنفرانسە زوتر ئەنجام بدرایە، بەڵام ئێستاشی بە کاتێکی باش زانی بۆ ئەوەی چیتر گۆڕانکارییەکان دوانەکەونو «ڕەش لەسەر سپی بنوسرێتەوە».

## کلینیکی پزیشکان

لەلایەن وەزارەتی تەندروستیو سەندیکای پزیشکانەوە کۆمەڵێک مەرج دیاریکراوە، بۆ هەر پزیشکێک کاتێک دەیەوێت کلینیکی تایبەت بکاتەوە، بەڵام بە ڕای د. مژدە ئەو مەرجو پێودانگانە زۆر لاوازنو کەمتر ڕەچاوی مەرجە تەندروستیو کۆمەڵایەتییەکانی تێدا دەکرێت، زۆرجار نەخۆش تێیدا دەبێتە قوربانی.

لە کلینیکە تایبەتەکەی د. مژدەدا تەنها چەند کورسییەکی دیاریکراو لە هۆڵی چاوەڕوانیدا دانراوە، بۆ ئەوەی ڕۆژانە ژمارەیەکی دیارکراو نەخۆش ببینێتو هەر نەخۆشێک بەلایەنی کەمەوە (١٠) خولەکی هەیە، بۆ ئەوەی لای دکتۆرەکە ڕێنماییو چارەسەری بۆ دەستنیشان بکرێت، هەروەها تەپڵەکی جگەرە دانەنراوەو ڕێگاش بە جگەرەکێشان نادرێت لە کلینیکەکەدا.

سیستمی فایلاتی هەیە بۆ هەر نەخۆشێک لە کۆمپیوتەردادروستکراوە،چونکەموتابەعەکردنی نەخۆشەکانە، لە هۆڵی چاوەڕوانی کلینیکی ئەو دکتۆرەدا تەلەفیزیۆنێک ئەو ڕاپۆرتو نەشتەرگەریانە نیشاندەدات کە پزیشکەکە ئەنجامیداون، هەروەها بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤاری پزیشکی دانراوە، بۆ هۆشیارکردنەوەی سەردانکەرانی ئەو کلینیکە، د. مژدە وتی: «پیشاندانی ئەو فیلمو ڕاپۆرتە پزیشکیانە کاریگەری دەرونی لەسەر نەخۆشەکان دروستدەکات، بۆ ئەوەی هیوایان بۆ بگەڕێتەوە کە حاڵەتی زۆر سەختتر چارەسەری کراوە».

## سکاڵای هاوڵاتییانو پزیشکی دادوەریی

لە وڵاتە ئەوروپییەکانی وەکو هۆڵەندا، دادگای پزیشکی هەیەو بەپێی یاسایەکی تایبەت پەیوەندیی نێوان نەخۆشو نەخۆشخانەو پزیشکو کارمەندان ڕێکخراوە، بەڵام لە کوردستاندا تۆمەتو تاوانی پزیشکی وەکو تاوانی مەدەنیو پیشەیی لە دادگای کەتنو جینایاتدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو ڕاستەوخۆ بە بڕیاری دادوەر پزیشکەکە دەستگیر دەکرێت.

د. مژدە پێیوایە، دەبێت دادوەرێکی تایبەتمەند دەستنیشان بکرێت بۆ دادگاییکردنی ئەو کەیسانەی پەیوەندیان بە بواری پزیشکییەوە


د. مژدە ڕەشان

هەیە، بە مەرجێک ئەو دادوەرە شارەزابێت لە کێشە تەندروستییەکانداو وتی: «نابێت ڕاستەوخۆ پزیشک دەستگیر بکرێت پاش ئەوەی هاوڵاتییەک سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات، چونکە ئەوە کاریگەری دەرونیی خراپی دەبێت لەسەر کەسایەتی پزیشکەکەو ئەو نەخۆشانەش، کە پێشتر چارەسەریان لای ئەو پزیشکە وەرگرتووە».

هەروەها بڕوای وایە خەڵکی کوردستان تێڕوانینێکی خراپیان هەیە لەسەر دەستگیرکردنی دکتۆرو «هەموو گرتنێک بە تاوانکردن دادەنێن»و وەکو تاوانبار لێی دەڕوانرێت، لەبەرئەوە بە باشی زانی کۆنفرانسی تەندروستی ئەو بابەتە بکاتە یەکێک لە تەوەرەکانی خۆی، بەوپێیەی دکتۆرەکانیش وەکو هەر کەسێکی ئاسایی دەشێت هەڵە ئەنجام بدەن.

## دروستکردنی سەندیکایەک بۆ نەخۆش

د. مژدە پێشنیازی ئەوەیکرد، بۆ زیاتر ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان نەخۆشو دامەزراوەی تەندروستیو کارمەندەکانیان، ڕێکخراوێک بۆ نەخۆشەکان دابمەزرێتو پارێزگاریی لە مافەکانیان بکاتو بەدوای پێداویستیو کێشەکانیاندا بچێت، نمونەی وڵاتی هۆڵەندای هێنایەوە، کە تێیدا ڕێزێکی زۆر لە نەخۆش دەگیرێتو دەوترێت «نەخۆش مەلیکی وڵاتمانە»، ڕێکخراوێکی هاوشێوەی تێدایە کە دور لە تەشهیرو شکاندن، بەدواداچوون دەکات لە نەخۆشخانەو دامەزراوە پزیشکییەکاندا، هەروەکو چۆن پزیشکەکانیش سەندیکایان هەیەو پارێزگاریی لە مافەکانیان دەکات.

## نەخۆشخانەکانی فەرماندەیی گشتی

د. مژدە پێیوابوو، لە هەموو وڵاتێکدا سیستمی تەندروستی ڕێکخراوەو بەپێی کاتو شوێن گۆڕانکاریی تێدا ناکرێتو بە یەکسانی لە هەموو نەخۆشخانەکاندا جێبەجێ دەکرێت، ناکرێت دوو سیستم لە یەک وڵاتدا بەکاربهێنرێت، ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا نەشتەرگەرییو قەستەرە بەبێ بەرامبەر ئەنجام دەدرێت لە شەفتی بەیانیاندا، بەڵام دوای نیوەڕوان بە پارەیەو هەمان کارمەندیش ئەنجامی دەدات لە هەمان شوێندا.

## کەسایەتیی پزیشک

وەکو پێشنیازێک بۆ کۆنفرانسی مانگی نیسان، د. مژدە بەباشی زانی لەلایەن وەزارەتی تەندروستیو سەندیکای پزیشکانەوە چەند ڕێوشوێنێک دیاری بکرێت بۆ پزیشکان، کە هەڵسەنگاندنی وەرزییان بۆ ئەنجام بدرێتو گرێبەستیان بۆ تازە بکرێتەوە، ئەگەر لەو ساڵەدا بەشداریی بکات لە نزیکەی (٤) سیمیناری زانستیداو لێکۆڵینەوە ئەنجام بداتو هەڵەی نەکردبوو لە کارەکانیدا.

د. مژدە ڕەشان بەباشی زانی پزیشک سەرقاڵی کارە ئیدارییەکانی نەخۆشخانە نەبێتو ئەو بوارە بۆ کەسانو پسپۆڕی ئیداریی بەجێبهێڵرێت، چونکە بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت پزیشکێک بەرپرسی بەشی ئامێرەکان بێتو بۆ چاککردنەوەی کۆمپیوتەری بەشێک، ڕەزامەندیی پزیشکێک وەربگیرێت، بەڵام بەباشی زانی بەرپرسی بەشەکانی نەشتەرگەریو هەناویو منداڵانو ژنان.. پزیشک بن.

**د. مژدە ئیسماعیل محەمەد ڕەشان، پسپۆڕی نەشتەرگەریی کۆئەندامی هەرسو مەمکو پەریزادە (غودەی دەرەقی)و پسپۆڕی نەشتەرگەریی بە لاپرۆسکۆپی- ناوسکبینی.**

**- ساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵی تەواوکردووە**

**- ١٩٩٢- ٢٠٠٥ دوو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە لە (هۆڵەنداو بۆردی عەرەبی) ئەندامی کۆمەڵەی نەشتەرگەریی هۆڵەندی بە لاپرۆسکۆپی- ناوسکبین.**

**- ساڵی ١٩٩٧ وەکو پەنابەرێک لە هۆڵەندا بووەو پاشان بڕوانامەی دکتۆرای لە هۆڵەندا بەدەستهێناوەو سەرقاڵی پیشەی پزیشکی بووە لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە.**

**بەپێی ئامارێکی سەرتاسەری عێراق، کە وەزارەتی پلاندانان لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئەنجامیداوە شاری دهـ ـ ـ کوردستانداو ٣،٤٪ی نەخۆشەکـان لـە دهـۆک خـزمەتـگوزاری پێویستی تـەنـدروستیان پێ نەگەیشت**

# بنکە تەندروستییەکانی گوندەکان چ رۆڵێک دەبینن لە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان؟

ئاری سابیر

بەپێی ئامارێکی وەزارەتـی تەندروستی هەرێم، لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی سلێمانیدا (٣٧) بنکەی تەندروستی داخران بـەهـۆی نـەبـوونـی کـارمـەنـدو چۆڵبوونی گوندەکانەوە، لە سنوری تەندروستی کۆیەش (٩) بنکەی تەندروستی داخراون‌و (٤) بنکەش بەهۆی نەبوونی کارمەند نەکراونەتەوە، ئێستا لە کوردستان (٧٣٧) نەخۆشخانەو مەڵبەندو بنکەی تەندروستی هەیە کە (٢٢٣)یـان لەناو شارو شارۆچکەکان‌و (٥١٤)شیان لە گوندەکانن، زیاتر لە (٦) هەزار کارمەندی بەشی تەندروستی لەو نەخۆشخانەو مەڵبەندی تەندروستی‌و بنکانە دەوام دەکەن، بە گشتیش وەزارەتی تەندروستی (٣٤٩٧٤) کارمەندی هەیە.

## گرنگی بنکە تەندروستییەکان

عەبدوڵڵا محەمەد (٤٩ ساڵ)، هاوڵاتییەکی دانیشتوی گوندی نێروەی دۆڵـی مەلەکانی سەر بە ناحیەی بالیسانە، باسی لەوەکرد کە بە چەند گوندێکی دۆڵی مەلەکان تەنها یەک بنکەی تەندروستی هەبووە، لەکاتێکدا سەدان هاوڵاتی لەسنورەکەدا نیشتەجێن، بنکە تەندروستییەکەش چەند مانگێک کاری کردووەو دواتر داخراوە، وتی: «ئەگەر نەخۆشییەکی ئاساییمان هەبێت، تا دەگەینە نەخۆشخانە، دەردمان گران دەبێت».

عەبدوڵڵا کە بۆ چارەسەرکردن روی کردبووە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر، وتی: ئەو بنکە تەندروستیانەی کە لە گوندەکان هەن، نەیانتوانیوە وەک پێویست خزمەتی دانیشتوانی گوندەکان بکەن‌و زۆرجار کارمەندەکانیان بە ئارەزوی خۆیان دەوامیان دەکرد.

## یەکخستنی بنکەکان

لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی کۆیە (٧٧) بنکەی تەندروستی هەیە، لە مـاوەی ٢ ساڵی رابـردوودا (٩) بنکە لەو سنورە داخـران، د. ئارام رۆستەم، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی کۆیە، باسی لەوەکرد کە بوونی ئەو بنکە تەندروستیانە بەهۆی نەبوونی کارمەندەوە داخـراون‌و وتی: «بنکەی تەندروستی لە گوندەکاندا تەنها شتێکی سەرەتاییەو ئەو چارەسەرەی لەو بنکانە دەکرێت لە حەب‌و دەرزی ئاسایی پێکدێت، ئێستا هەموو خێزانێک دەزانن لە حەب‌و جۆری حەبەکان، باشتروایە هەر ناوچەیەک یەک بنکەی تەندروستی باشی لێبێت‌و چەند دکتۆرێکی باش لەوێ دابنیشن نەخۆش ببینن، ئەوکاتە فشار لەسەر شارەکانیش کەمتر دەبێتەوە».

د. ئارام ئاماژەی بەوەکرد کە «بەهۆی دوریی بنکە تەندروستییەکانی گوندەکان، هەموو کارمەندێک ئامادەنییە بچێت لەو گوندانە دەوام بکات، ئەگەر بنکەیەکی گەورەو باش لە شوێنێکی قەرەباڵغ بکرێتەوە، زیاتر خەڵک سودی لێوەردەگرێت‌و هەموو کارمەندێکیش ئامادەیە بچێت لەوێ دەوام بکات».

نەبوونی پلان لە ساڵانی رابردودا بۆ دروستکردنی بنکە تەندروستییەکان لەگوندو شارۆچکەکاندا، یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی بووەتە هۆی بارگرانیی بۆ وەزارەتـی تەندروستی‌و دەزگا پەیوەندیدارەکان، بۆ دابینکردنی پێداویستی‌و کادیری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بنکەو نەخۆشخانانە.


د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، وتی: «لە ساڵانی دوای راپەڕیندا چەندین رێکخراوی بیانی هاتن بۆ کوردستان، دەیان بینای بنکەی تەندروستی لە گوندەکانی کوردستان کرانەوە، دوای چەند ساڵێک، دانیشتوانی گوندەکان بەرەو شارەکان کۆچیان کردو کاری ئەو بنکە تەندروستیانە وەکو پێویست نەمان، جگە لەوەی لەماوەی رابردوودا (٣٥) بینای تری بنکەی تەندروستی دروستکراون لە سنوری شاری سلێمانیدا، بەڵام بەهۆی نەبوونی دامەزراندن‌و نەبوونی کارمەندەوە، ئێستا زیاتر لە (٣٠) بنکەمان داخراون».

د. شێرکۆ ئاماژەی بەوەکرد لە داهاتوودا کۆنگرەیەک سازدەکەن بۆ دانانی پلانێکی باش لەپێناوی خزمەتکردنی گوندنشینان، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێت کە مەڵبەندێکی تەندروستی باش لەو گوندانە بکرێتەوە کە رێژەی دانیشتوانەکانیان زۆرەو پسپۆڕو شـارەزا تێیدا دەوام بکەن‌و بنکەکانی گوندەکان کەم بکرێتەوە، یاخود بنکەی گەڕۆک هەبێت بەسەر گوندەکاندا بگەڕێن.

## گرفتی شوێنە دورەکان

د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی، وتـی: «لـە دروستکردنی ئـەو بنکانەدا پەلەیەکی زۆرکـراوە بۆ ئەوەی خێراتر خزمەتی دانیشتوانی گوندەکان بکرێت، گوند هەبووە چەند خێزانێکی لێبووە، بنکەیەکی تەندروستی لێکراوەتەوە، دوای چەند ساڵێک ئەو خێزانانە کۆچیان کردووە بۆ شـارو شارۆچکەکان‌و ناچار بنکە تەندروستییەکان داخراون، هەندێکیشیان لە مـاوەی دوو ساڵی رابـردودا بەهۆی وەستاندنی دامـەزرانـدن لە دەزگاکانی حکومەتدا، کارمەندەکانیان نەیانویستووە لە گوندەکاندا دەوام بکەن‌و خۆیان گواستەوە بۆ شارەکان».

د. زریان رایگەیاند: لە ناحیەو قەزاکاندا گرفتی ئەوەیان هەیە زۆربەی پزیشکەکان ئامادەنین تێیاندا دەوام بکەن، لەبەرئەوەی عیادەکانیان لـە شـارەکـان باشترەو خوێندن‌و پێشکەوتنی زیاتر لە پارێزگاکاندا دەستەبەر کراوە. وتیشی: بەرنامەیەکمان هەیە بۆ ئەو پزیشکانەی کە دەچنە قەزاو ناحیەو کۆمەڵگاکان، برێک پارەی زیاتریان پێبدەین بەراورد بەناو پارێزگاکان، وەک هاندانێک بۆ ئـەوەی بچنە ئـەو قـەزاو ناحیانە.



بەهۆی نەبوونی کارمەندەوە، لە سنوری سلێمانی زیاتر لە ٣٠ بنکەی تەندروستی داخراون لە گوندەکاندا

## لە ساڵێکدا ٢ هەزار روداوی جیابوونەوە لە سلێمانی تۆمارکراوە

# پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، لەنێوان رێکەوتو خۆشەویستیدا

**ئازاد کەریم**

ئـارام حسێن (٢٨ سـاڵ)، دوای سێ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکداو چەندینجار خوازبێنیکردن، ئێستا گەیشتووەتە ئەو بڕیارەی بە یەکجاریی یەکتریی لەبیر خۆیان بەرنەوە.

کێشەی بەردەم ئارامو خۆشەویستەکەی، جگە دایکو باوکی کچەکەو خێزانەکەی، بنەماڵەکەشی کە سورن لەسەر ئەوەی، نابێت بۆ یەکتری ببن، لەبەر ئەوەی بە خۆشەویستی یەکترمان ناسیوە.

ئـارام، نمونەی سـەدان گەنجی کۆمەڵگای کوردییە، کە تەنها لەبەر ئـەوەی پێشتر بە خۆشەویستی کچەکەی ناسیوە، لەلایەن خێزانو بنەماڵەی کچەکەوە رێگری پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیان لێدەکرێت، بۆیە دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانیو دەیان جار چوونە داوای، باشترین بڕیاری کۆتاییان لە بیربردنەوەی یەکتری دەبێت، تا کێشەکە گەورەتر نەبێت.

جیهاد عومەر، تـوێـژەری کۆمەڵایەتی، لە دادگای باری کەسێتی سلێمانی، دەڵێت: «تا یەک دوو ساڵێکیش لەمەوبەر، ژیانی هاوسەرێتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە پلەی یەکەم، لەلایەن دایکو باوکو بنەماڵەوە بڕیاری لەسەر دەدرا، زۆر بە کەمی ئەوە بە دەردەکەوت کوڕو کچ بۆ خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کێ هەڵبژێرن بۆ ژیانی هاوسەرێتی، بەداخەوە ئەم دیاردەیە تا ئێستاش بەشێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێدەکرێت».

ئەو توێژەرە باسی لەوەکرد رۆژانە لە نزیکەوە ئاگاداری زۆربەی ئەو کێشە خێزانیانەیە کە لە سەرەتای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیی، تا دوای جیابوونەوەش لە دادگاکەیاندا رو دەدەن.

زۆرێک لە خێزانەکان بە پاساوی ئاینیی رێگری لە کچەکانیان دەکەن، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا ببەستن، بەو هۆیەشەوە زۆربەی پەیوەندییەکان نهێنینو ئەمەش بە بۆچوونی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی ئـەوەنـدەی تر سەر دەکێشێت بۆ ئەو کارانەی، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە (حەرام) ناو دەبرێن.

ئەنوەر محەمەد خۆشناو، جێگری سەرۆکی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئیسلامی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «بەپێی شەریعەتی ئیسلام، بەسەربردنی قۆناغێکی تەمەنی کچو کوڕ بەناوی دڵـداری کە زۆرجـار تێکدانی سیمای کچایەتی لێدەکەوێتەوە، حەرامە»، بەڵام پەیوەندی کچو کوڕی پێش پرۆسەی هاوسەرێتی تا ئەو ئاستە بە خراپ نەزانی، کە بۆ ناسینو تێگەیشتنی یەکتری بێت، «هەریەکە لە ژنو پیاو مەیلێکی نەفسیو قەلبییان بۆ یەکتری هەیەو هەردوو لایان دەیانەوێت بەپێی ئەو سیفەتانەی بە لایانەوە جوانە کەسی بەرامبەریان بۆ پرۆسەی هاوسەرێتی هەڵبژێرن، ئیسلامیش هیچ رێگرییەک لەمە ناکات».

بەشێک لە گەنجان بوونی خۆشەویستی وەک مەرجێکی سەرەکی پێش پرۆسەی هاوسەرێتی لێکدەدەنەوە، لە بەرامبەریشدا بەشێک لە گەنجانو خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردیی بە بەڵگەی ئەوەی زۆرێکی ئەو کەسانەی بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێناوە دواتر جیا بوونەتەوە، نەبوونی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بە باشتر دەزانن.

جیهاد عومەر، پێیوایە سەرجەم پەیوەندییە خۆشەویستییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا بە مەبەستی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتییە، چونکە کۆمەڵگا قبوڵی ناکات ئەو دوو کەسە پەیوەندییەکی خۆشەویستییان بۆ غەیری ئامانجی هاوسەرداری هەبێت، بەڵام فایەق محەمەد (٥٩ ساڵ)، کە خاوەنی چوار کوڕو سێ کچە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە، پێیوابوو «زۆربەی عیلاقەکانی ئێستای گەنجان بۆ شکاندنی کەرامەتی کچەکەو دەست گەرم کردنەوەیە».

فایەق وەکو هاوڵاتیەک وتی: «زۆربەی ئەو ژنو مێردانەی بە خۆشەویستی یەکترییان ناسیوە، دڵیان لەگەڵ یەکدا پیسەو دەڵێن ئەوەی کاتی خۆی لەگەڵ مندا کردوتە لەگەڵ کەسی تریش کردوتە».

ئامارەکانی دادگای باری کەسێتی سلێمانی ئـەوە دەردەخــەن، لە ساڵی رابـردوودا (٩٣٢) روداوی تەڵاقو (١٠٧٦) داوای جیابوونەوە تۆمار کراوە، بەڵام هیچ زانیارییەک لەبارەی ئەوە تۆمار نەکراوە، کە رێژەی چەندی ئەو ژنو مێردانەی جیابوونەتەوە پێشتر بە خۆشەویستی یەکترییان ناسیوە یان بە رێکەوت.

بەشێک لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە خۆشەویستیی پێش پرۆسەی هاوسەرێتی، لەناو پرۆسەکەدا کاڵدەبێتەوەو بەرەو نەمان دەچێت، جیهاد، هۆکارەکەی دەگەرێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە «لە ژیانی هاوسەرێتییدا ئەرکو بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەر هەردوولا، لەکاتێکدا لە قۆناغی پێش هاوسەرێتیدا زۆربەی گەنجەکان عاتیفە بەسەر عەقڵدا زاڵ دەکەن».

بە رای جیهاد، دەبێت پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کچو کوڕ سنوری هەبێتو وتی: «ئەگەر ئەو سنورە نەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی لایەکیان لاکەی بەرامبەریان ئیستیغلال بکەنو لەوانەشە پەل بکێشێت بۆ کاری سێکسی، کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کارێکی رێگەپێنەدراوە».

## بەرپرسی ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج:

# «گرفتی ئابووری، دیارترین کێشەی لاوانە»

**ئەحمەد باڵەکی**

**سۆران**

**لەم دیـدارەدا فازیل عومەر رەشید، بەرپرسی ناوەندی ئایندەیە بۆ پرسەکانی گەنج لە هەولێر، باس لەو گرفتانە دەکات کە گەنجان لە کوردستاندا دووچاری دەبن، وەکو خراپی گوزەرانو بەشداریپێنەکردن لە کایە سیاسییەکاندا، هەروەها باس لەو گرفتانە دەکـات کە دێتە بـەردەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە کار بۆ گەنجانو لاوان دەکەن.**

**رۆژنامە: گرنگی دامەزراندنی رێکخراوەیەک بە ناوی ناوەندی ئایندە لە چیدایە؟**

* کاری رێکخراوەکان لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا، کە لە قۆناغی وەرچەرخانە بەرەو کۆمەڵگای مـەدەنـی، ئەویش قۆناغێکی گەشەسەندوی مـێـژووی مرۆڤایەتییە، گرنگییەکی تایبەتی هەیەو ئێمەش لەگەڵ هەموو کایەکانی تری کۆمەڵگای کوردی، کار دەکەین لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگای مەدەنیو ئاستی باڵا.

**رۆژنامە: کاری رێکخراوەیی تا چەند دەتوانێت گۆڕانکاریی لە ژیانی گەنجاندا بکات؟**

* گۆڕان لە خۆوە نایەتە کایەوە، هەموو گۆڕانێک لە دونیادا پێویستی بە هەوڵی جدیی هەبووە، کە ئەو هەوڵانە دواجار هێزێکیان بەرهەمهێناوە گەورەتر بووە لەو ئاستەنگانەی لە بەردەمی گۆڕانکارییە باشەکاندا بوون، بۆیە کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەچێتە چوارچێوەی ئەم هێزەی کە دەیەوێت گۆڕانێکی جەوهەریی لەو بارودۆخەدا بکاتو بەڕاستی ئایندەیەکی باشتر بەرهەمبهێنێت.

**رۆژنامە: رێکخراوەکەتان چۆن پێناسەی کێشەکانی گەنج دەکات؟**

*گەنج پێکهاتەیەکی بەرچاوو بەرفراوانی دانیشتوانی کۆمەڵگای عێراقیو کوردی پێکدەهێنێت، ئەم توێژەش، کە لە پرۆسەی خۆدروستکردنو سەرەتای دروستکردنی ژیاندایە، لە ئەنجامی بەریەککەوتنەکاندا چەندین جۆری کێشە دروست دەبنو تاک رەهەند نین، کێشەی ئابووری یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی لاوانو کاریگەریی هەیە لەسەر رۆڵی لاو لە بیرکردنەوەو لە کارکردن، لە هەمانکاتدا کێشە کۆمەڵایەتییەکان کەم نین، چونکە ئەو گۆڕانکارییانە کە لە ئێستادا رویـانـداوە، بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگای کوردییە بەڕوی جیهاندا، ئەوەش وایکردووە کە گەنج بکەوێتە دوڕیانێک لەوەی کە لەگەڵ ئەو دابو نەریتە باوانەدا بێت، کە کۆمەڵگا هەیەتی یان باوەڕ بهێنێت بەو گۆڕانکارییە تازانەی کە هەیە، زۆرینەی کێشەی لاوان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگای کوردی خاوەنی ژێرخانێکی کۆمەڵایەتیو ئابووری پێشکەوتو نییە.

**رۆژنامە: چالاکییەکانی رێکخراوی ئایندە، خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟**

* لە سەرەتای دروستبوونی ئەم ناوندە تا ئێستا، هەوڵمانداوە بۆ بردنە ناوەوەی گەنج بۆ پەرلەمان، کە دەزگـای کوردو دەزگای یاسا دانانەو شوێنی دەرکـردنـی بڕیارە، پێمانوایە یەکەمین شوێن، کە پێویستە گەنج بەرینە ناو ئەو دەزگایە کە بڕیار لە ژیانو چارەنوسی ئەم میللەتە دەدات، بۆ ئەوەی گەنجان لە روی خۆیانەوە بڕیار لە ژیانو چارەنوسی خۆیان بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی هۆشیارکردنەوەی گەنجانمان هەیە، لەو بڕوایەوە کە گەنجی هۆشیار هەوڵی جدیی دەدات بۆ گۆڕان، بەشداری چالاکتری دەبێت لە کایە ئابوورییو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەر ئەوە ئەو کارانەی دەیکەین دوو رەهەندی هەیە، گەیاندنی گەنج بە ناوەندی بڕیارو لەلایەکی تریشەوە هۆشیارکردنەوەو بارگاوی کردنییەتی بە مەعریفەیەکی باشتر، بۆ ئـەوەی بتوانێت لە ئاستی بەرپرسیارییەتیو بەڕێوەبردندا بێت.

ئێمە سەرنجمان دابـوو، کە یاسا رێگرە لە بەردەم توێژێکی بەرفراواندا بۆ بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیدا، لەبەر ئەوە هەوڵماندا بۆ کەمکردنەوەی مەرجی بوونە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە (٣٠) ساڵییەوە بۆ (٢٥) ساڵی، ئەمەش رێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر گەنج بەشداری بکەن لە پرۆسەی سیاسی وڵاتـدا، لەسەر ئاستی هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهـۆکـو سلێمانی چەندین خولو ۆرکشۆپمان ساز کردووە، بەپێی ئەو ئامارەی لە بەردەستماندایە تا ئێستا زیاتر لە (٣١٧) لاو خولی (٣) رۆژەو (٦) رۆژەیان بینیوە لەسەر بەشداری سیاسیو پێگەیاندنی لاوی سەرکردە یان هاوسەنگی رەگەزیی، هەروەها خولمان کردووەتەوە لە بورای راگەیاندنو مافی مرۆڤو کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسییەتو ئەو دەستەواژانەی ئەمرۆ لە سەرئاستی جیهان قسەیان لەسەر دەکـرێـت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگای ئەو ڤیستیڤاڵو شانۆ گەورانەی کە ئەنجامانداوە، هەروەها لە رێگای پێشانگای کاریکاتێریو سازدانی ماراسۆنو چەندین چالاکی تردا کارمان بۆ گەنجان کردووە.

دوا پرۆژەشمان بە هاوکاری رێکخراوی (IRI) ئەنستتیۆی کۆماری نێودەوڵەتی، ئەنجامداوە لە شاری سۆرانو لە رێگای پۆسـتـەرو (٢٥) ۆرکـشـۆپ، لەپێناوی گـەشـەپـێـکـردنو زیـاتـرکـردنـی رۆحـی پێکەوەژیانو یەکتر قبوڵکردن لەنێوان لاوانی ئەو شارەدا.



**فازل عومەر رەشید،**
**بەرپرسی ناوەندی ئایندەیە بۆ پرسەکانی گەنج لە هەولێر**

- ٢٠٠٤–٢٠٠٥ ئاداب کۆمەڵناسی تەواو کردووە.
- ٢٠٠٤–٢٠٠٥ لە راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کاری کردوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بەرپرسی بەشی رێکخراوی گشتی پرۆژەکانی تواناسازی لاوان بووە

دۆسیـــەی ریـفـۆرمی تەندروستی

## لە سیستمی تەندروستیی هەرێمدا

# «مافی نەخۆش» بوونی نییە

**بێستون فەتاح**

«پیاوێک لە رانیە دوو هـەزار بەردی گورچیلەی دەرهـێـنـاوە، بـەڕێـوەبـەری نەخۆشخانەی رانیەش نەخۆش حەواڵەی ئەو پیاوە دەکات».. «ژنێک لە سەیدسادق هەزارەها چاوی نەخۆشی چاکردووەتەوەو لـە ئـێـرانـەوە خـەڵـک دێـن بـۆلای».. «چارەسازێکی میللی لە هەولێر هەموو نەخۆشییە گرانەکان چاک دەکـاتـەوە».. ئەمانە ناوەرۆکی بەشێک لەو بابەتانەیە، کە لەماوەی رابردوودا رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاویانکردەوە.

بـەڵام لەپشت بـڵاوکـردنـەوەی ئەو بابەتانەوە، کۆمەڵێک قوربانیی شاراوە هـەن کە زۆر بە کەمی لـەو کەناڵانەوە ئاماژەیان پێدەکرێت. هەنار نمونەی یەکێک لەو قوربانیانەیە، کە دوای سەردانی بۆ لای یەکێک لەو کەسانە، بە روخسارێکی تاساوو ماندووەوە هاتبووە لای پزیشکێکی پسپۆڕ، هەنار کە دانیشتوی گوندێکی شارباژێری سلێمانییە، توشی بورانەوەیەکی بەردەوامو «لەگۆکەوتنی زمان»ی بووە، بۆ چارەسەرکردنیشی خێزانەکەی بڕیار دەدەن بیبەن بۆلای چارەسازێک لە شاری هەولێر.

هەنار بە ئاماژەو زمانێکی لاڵانـە بە پزیشکەکەی دەوت: چارەسازەکە بەدار لەبنی پێی داوەو هەردوو قاچی ئاوساوەو بەتەواوەتی بریندار بووە، زیاتر لە بیست جار کارەبای لە هەردوو دەستی داوە.

وەک هەنارو دایکی وەسفیان دەکرد، ئەو کارەبایەی ئەو چارەسازە بەکاریهێناوە، لە ئامێرێکی بچوکەوە دەرچووەو دەدرێت لەژێر پێ، هەنار لەترسا بەو حاڵەتەی خۆشییەوە نواندنی کاتی کارەباکەی دەکـرد چی بەسەرهێناوە، بە ئاماژە بە دکتۆرەکەی دەوت: «ئەگەر ئەمجارە بمبەنە لای چـارەسـازەکـە، کارەباکە لە خۆی (چارەسازەکە) دەدەم».

پسپۆڕانی تەندروستی لەگەڵ ئەوەی پێیانوایە، بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە دواکـەوتـوویـی هۆشیاریی تەندروستی هاوڵاتییان دەردەخات، بڵاوبوونەوەشیان لـە روپـــەڕی رۆژنـامـەکـانـدا دەبـێـتـە پڕوپاگەندەیەکی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی خەریکی ئەو کارەن.

پرۆفیسۆر نزار محەمەد ئەمین، پسپۆڕی نەخۆشییە دەرونییەکان لە نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانی، هۆکارەکانی زۆربوونی ئەم دیاردەیەی بۆ کەمیی ئاستی هۆشیاریی تەندروستیو بەتایبەت تەندروستیی دەرونی لەلای هاوڵاتییان گەڕاندەوە، جگە لەوەش وتی: «میدیاکان رەواجی زیاتریان بۆ ئەو کەسانە دروستکردووە، کە بەم کارانە هەڵدەستن».

د. نـزار وتیشی: «پێویستە ئێمەش وەکو دکتۆرەکان بە پاڵپشتی وەزارەتـی تەندروستی، هەوڵ بدەین متمانەی زۆرینەی نەخۆشەکان بۆخۆمان دروستبکەین تا ناچار نەبن پەنا بەرنە بەر ئەو کەسانە».

بینینی ئەو نەخۆشانەی ئاسەواری لێدانی کارەبایان پێوەیە، کە لەلایەن (چارەسازە میللییەکان)ەوە لێیاندراوە، رۆژانە دوبارە دەبـێـتـەوەو کارێکی نامۆ نییە بـەلای کارمەندانی بەشی دەرونیی نەخۆشخانەی گشتیی سلێمانییەوە.

د. ئەفرام محەمەد حسێن، پسپۆڕی نەخۆشییە دەرونییەکان، ئاماژەی بەوەکرد لێدانی کارەبا نەک تەنها لای ئەو کەسانە، بەڵکو تا ئێستا لەلایەن هەندێک پزیشکی پسپۆڕی هەرێمیشەوە وەک چارەسەرکردن بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا وەک ئەو وتی: «مێژووی ئەم بەکارهێنانە بۆ چلەکانی سەدەی پێشو دەگەڕێتەوە، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئامێری نوێو دروست بەکاردێت».

وتیشی: «ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە، هەندێک کەس بەناوی ئایینەوە لەماڵی خۆیاندا هاوڵاتییان دەدەنە بەر کارەبا بەو ئامێرە دروستکراوانەی خۆیان، بەناوی ئەوەی جنۆکەکانیان دەسوتێننو بێدەنگیی بەرپرسانیش جۆرێکە لە خەمساردییو ترسنۆکی».

لەگەڵ هەموو ئـەوانـەدا، تا ئێستا لە سیستمی تەندروستیی هەرێمدا، هیچ مادەو بڕگەیەک لەبارەی مافی نەخۆشەوە بوونی نییە، بـەم هۆیەشەوە وەک پسپۆڕانی بـوارەکـە ئـامـاژەی پێدەکەن «نەخۆش بووەتە کەسێکی بێدەسەڵاتو هەرکەسێک بەناوی چارەسەرکردنەوە دەتوانێت هەڵی بخەڵێنێتو مافی پێشێل بکات».



نەخۆشەکان مافی خۆیانە چارەسەری پێویستو زانستیان بۆ دەستەبەر بکرێت فۆتۆ: ئازاد کەریم

# ئافرەت و راگەیاندن

# ئایا ژنان لەدەرەوەی پیاوان بوونیان هەیە؟



ئەڤین عەزیز

لام وایـە، کە باسکردنی کێشەکانی ئافرەتان لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، مانای بەخشینی گرنگی تەواو نییە بە مەسەلەکە، چونکە زۆرجار باسەکان شێوازێکی چەواشەکارانەی تێدایەو بەپێی ئەو نۆرمە سواوەی کۆمەڵگا لەسەر مەسەلەی ژنان قسەدەکەن، سەرئەنجام بە ئاقارێکی لێڵتردا دەیبەن، بۆیە لام وانییە، کە راگەیاندنی کوردی بەشێوەیەکی زانستی ئەوتۆ گرنگی دابێت بە مەسەلەی ئافرەتان‌و پرسەکەیان، بەتایبەت تەلەفزیۆنەکان، رەنگە جارجار تەوەرو بابەت لە رۆژنامەکاندا ببینرێت، کە ئەمانەش پەیوەندیان بەوەوە هەیە کە کێ‌و لە روانگەی کێوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتــەوە؟ کە بەداخەوە دەیلێم: ئەمرۆ ژنان لە کوردستان‌و تەنانەت ئەوانەی دەرەوەش خاڵین لە هۆشیاری فێمێنیزم، لە بنچینەدا لە کۆمەڵی ئێمەدا گومانم هەیە لەوەی کە کێشەی ژن گەڵاڵە کرابێت، ژنی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە بەپێی سیاسەتی فێمێنیزم کێشەکەی گەڵاڵە بکات بەرامبەر دەسەڵاتی پیاوسالاریی لە کۆمەڵدا.

ئێمە هەرگیز ئەو شتانەی، کە هەن یان ئەو کێشانەی کە هەن سەبارەت بە ئافرەتان، نەمانخستونەتە ژێر پرسی ئەوەی کە بنەڕەتی ئەم کێشەیە لە چییەوە هاتووە، بۆچی وای لێهاتووەو دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە؟ ئەمە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە تیۆری سیاساتی فێمێنیزم کاری لەسەر دەکات، بۆیە دەرئەنجامی ئەم خاڵیبوونە لەبری ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن کار بۆ پرسی ژنان بکەن، بەپێچەوانەوە لەڕێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە گاڵتە بە عەقڵی ئافرەتان دەکەن، بۆ نمونە لەلایەک پەرلەمانی کوردستان یاسای فرەژنی دەردەکات‌و لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت هەفتەی هەڵمەتی دژ بە توندوتیژی سازدەکات بۆ ژنان، سەمەرە لێرەدایە، کە هێنانە خوارەوەی پلەی مرۆیی ژن‌و بەکەم گرتنی، بە جۆرێک لە توندوتیژی نایەتە ئاژمار، کورد وتەنی «سەری دەتاشێ‌و ئاوێنەیەکیشی دەداتە دەست».

لێرەوە ئێمە بە دوو ئەنجام دەگەین، کە یەکێکیان ئەوەیە کە پیاوانی دەسەڵات چۆن گاڵتە بە عەقڵی ژنان دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژن چەند بێئاگایە لە کێشەکەی خۆی. ئەمە هەمووی دوفاقیەتە، لەلایەک سیستمی بە کۆیلەبوونی ژنان پیادە دەکەن‌و لەلایەکی دیشەوە هەڵمەتی توندوتیژی بەرامبەر ژنان سازدەکەن!

دەمەوێت نمونەیەکی دیش باسبکەم لە راگەیاندنی کوردی: لە یەکێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بەرنامەیەک هەبوو لەسەر مەسەلەی لەباربردنی منداڵی نەخوازراو (ئەو منداڵەی بەبێ ئەوەی دایک‌و باوک بڕیاری دروستکردنیان دابێت‌و بەرنامەڕێژییان بۆ کردبێت، دروستدەبن)، ئەمە من پێموایە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئەمڕۆ مەسەلەی لەباربردن بووەتە مەسەلەیەکی چینایەتی، ئەمڕۆ ژنە مەسئول‌و دەوڵەمەندەکان بە ئاسانی دەتوانن منداڵ لەباربەرن، بەڵام ژنە هــەژارو بێدەرامەتەکان بۆیان ناکرێت، بۆیە پەنا بۆ شتی ناتەندروست دەبەن، کە دواجار توشی کێشەی تەندروستی دەبن، بۆیە دواجار هەر ژنە هەژارو بێدەرامەتەکان باجەکەی دەدەن، بەڵام دەسەڵاتداران چاو لەم راستییە دەپۆشن‌و خۆیان لە بەرپرسیارێتی ئەم مەسەلەیە دەدزنــەوە، ئەوە بوو کە یەکێک لە میوانانی بەرنامە داوای دەکرد کە «جەندرمەی تازە دابمەزرێت، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ زیاتر بکەن، کە بە هیچ شێوەیەک نەهێڵین ژنان منداڵ لەباربەرن»، ئایا ئەمە گومڕاکردنی ئاشکرای ئاوەزی ژنان نییە کە لە میدیای کوردییەوە بەڕێوە دەچێت؟ ئایا ئەمە هەوڵێکی زیاتر نییە بۆ برەودان بە سیستمی دیسپلین‌و کۆنترۆڵی زیاتری ژنان لە کۆمەڵگادا؟

نەبوونی لەباربردنی ئازاد بەشێوەیەکی یاسایی سلبی ئیرادەی ژنان دەکات، پێموایە ژن خۆی خاوەنی لەشی خۆیەتی‌و دەبێت خۆشی بڕیاردەر بێت لەسەر ئەوەی، کە منداڵی دەوێت یان نا، لەشی ژن لەم حاڵەتەدا دەبێتە قەپاغی بیروبۆچوونی یاساو رێساکانی کۆمەڵگا، کە جۆری ئەم قسەکردنە لە روانگەیەکی بکەری (subject)ی ژنانەوە نییەو بوونی ژن دەسرێتەوە وەک تاکێکی سەربەخۆی کۆمەڵگا، ئەم مەسەلەیە تەنها بەپێی ئەو نۆرمە (norm) پیاوانەیە پاتریاکیەیە قسەی لەسەر دەکرێت، کە لە کۆمەڵدا هەیەو ژنان وەک دەسڕی کلێنس سەرف دەکەن. پاساوەکانی میوانی بەرنامە، کە خۆی دکتۆر بوو، ئەوە بوو کە بۆ تەندروستی ژن خراپەو هەوڵی هێنانەوەی پاساوی زانستی دەدا، کە لەڕاستیدا ئەمە بێبنەمایە، باشە بۆچی لە ئەوروپا بەشێوەیەکی ئازاد دەکرێت؟ ساڵانە لە سوید (٣٠-٤٠) هەزار ژن منداڵ لەباردەبەن، تۆ بڵێی مەسەلەی پزیشکی لە کوردستان پێشکەوتووتر بێت تا ئەوروپا؟ ئایا ئەم بەرنامەیە دەچێتە خانەی گرنگیدان بە مەسەلەی ژن لە کەناڵەکانی میدیای کوردییەوە کە پڕوپاگەندەی ئەوە بکەن ژن خاوەنی لەشی خۆی نییە، ژن بوونی نییە، ژن گەر ئەمە بکات ویژدان فرۆشی‌و بێڕەوشتییە؟!

بۆیە لام وایە، کە راگەیاندنی کوردی لـەدەرەوەی نۆرمی (norm)ی پاتریاک کاری لەسەر پرسی ژن نەکردووە، ئایا تا ئێستا بەرنامەیەک کراوە لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی پەردەی کچێنی لە کۆمەڵی ئێمەدا تەنها ئەفسانەی بیری پیاوە؟ لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە (٧٠٪)ی ئافرەتان پەردەی کچێنیان نییە، ئەو خوێنەی کە لە شەوی بە ناو (پـەردەدا) دەبینرێت، دەرئەنجامی ئەوەیە کە ئەو کچە ئامادەگی نییە بۆ سێکس‌و خوێنەکەش لە ئەنجامی برینداربوونی ناو لەشیەوەیەتی، بەڵام هەبوونی پەردەی کچێنی راستییەکی رەهای بیری خەڵکە لە کۆمەڵی ئێمەدا، ئایا ئەم پرسە تا چەندو چۆن کاری لەسەر کردووە؟ کە من بەپێی ئەزمونی کارکردنی خۆم لە رێکخراوێکی ئافرەتان لە کوردستان، ژنانێکمان دیوە کە لەسەر نەبوونی ئەم پەردەیە کوژراون‌و شوێن بزرکراون، دەبوو راگەیاندنی کوردی کاری بۆ ئەوە بکردایە، کە مەسەلەی پەردەی کچێنی نابێت بوونی هەبێت‌و کچ بەپێی یاسا لە تەمەنی دە ساڵییەوە بچێتە لای دکتۆر بۆ لابردنی ئەم بەناو پەردەیە، بۆ ئەوەی ئیتر خەڵک تەرکیزی لەسەر ئەوە نەمێنێت، کە پەردەی کچێنی هەیە، سەرئەنجام من هیچ میتۆدێکی زانستی نابینم لەمەڕ کێشەی ژنان لە کوردستان، میتۆدی زانستی چۆن دێتە بەرهەم لەکاتێکدا ئێمە کێشەی ژنمان گەڵاڵە نەکردبێت؟ ئێمە (١٨) ساڵە سەربەخۆین، کەچی هێشتا پاساو بۆ ئەوە دەهێنینەوە کە هەندێک گۆڕانکاریی بۆ واقیعی ئەمڕۆی کوردی نابێت! وەک ئەوەی گەلی کورد دێو درنج بێت‌و مرۆڤ نەبێت!! بەلای منەوە ئەم پاساوە لە پلەی مرۆیی گەلی کورد دادەبەزێنێت، ئێمەی کورد مرۆڤی خاوەن ئاوەزین، نامۆیی رەهامان نییە سەبارەت بە پەیوەندییە مرۆییەکان، ئێمەش وەک سەرجەم گەلانی دیکەی دنیا تێگەشتنمان هەیە، گەلی کورد خەڵکانی دۆگماتیسم نین، وەک هەندێک لە دەسەڵاتدارانی سیاسی کوردی بەمشێوەیە باسیان دەکەن.

بۆ دەبێت باسکردن لە ئازادیی ژنان یەکسەر وەک هەڕەشەیەک بۆ ناسنامەی کوردبوون لێکبدرێتەوە، کە لەڕاستیدا مەسەلەی کۆنترۆڵی لەش‌و عەقلی ژنان پەیوەندی بە ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بیری پیاوسالارانەوەیە لە کۆمەڵی ئێمەدا، کۆمەڵێک بیروبۆچوونن کە خەڵک دروستی کردووە لەژێر کاریگەری گەلانی دی لە کۆمەڵگادا، چونکە گەلی کورد تاکە نەتەوەیە کە بەردەوام کەوتووەتە ژێر کاریگەری فەرهەنگ‌و کلتوری نەتەوەکانی دی، کە ئەمڕۆ خەڵکی کورستان ئەو روانگەو بۆچونانە وەک ناسنامەی نەتەوەیی لێکی دەدەنەوە، بۆ نمونە پاساوی ئایینی ئیسلام یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە ئەمڕۆ بە ناسنامەی نەتەوەی ئێمەوە دەبەسترێ، بەڵام من پێموایە کە ئایینی ئیسلام شتێکی زۆر داسەپاوە بەسەر گەلی کوردو ناسنامەی نەتەوەییماندا، چونکە کورد لە بنەڕەتەوە مسوڵمان نەبووە، لەبەرئەوە خۆهەڵواسینی ئەمڕۆی گەلی کورد بە ئایینی ئیسلامەوە، لەلایەک نائاگایی دەسەڵاتدارانی سیاسیمان دەردەخـات‌و لەلایەکی دیکەشەوە بنەڕەتی ناسنامەو کلتوری ئێمەی پێ فەوتاوە.

لەلایەکی دیکەشەوە پێـموایە کە لە کەناڵەکانی راگەیاندندا کەسی پسپۆڕی جەندەری‌و فێمێنیزمان نییە تا نوێنەرایەتی کێشەی ژنان بکات، کێشەی ژن زۆر لەوە گەورەترە، کە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە باسی لێدەکرێت. دەزگاکانی راگەیاندن هەرگیز وەک بونەوەرێکی سەربەخۆ سەیری ژن ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونی ژن ئاوەڵکردارە (object)، بوونی بە پیاوەوە بەندە، وێنای ژن زیاتر وەک کاڵایەک وایە، کە چی لێبکرێت یان چۆن ژیان بکات‌و چۆن بپۆشێ‌و تەنانەت چۆنیش میزبکات.

کە ئێمە قسە لەسەر ئازادیی ژنان دەکەین لە کۆمەڵدا، مەسەلەی لاساییکردنەوەی فەرهەنگی خۆرئاوایی نییە، بەڵکو پێداگرتنمان لەسەر ئەوەیە کە ژنیش وەک پیاو لە کۆمەڵدا بونەوەرێکی سەربەخۆیە، ناکرێت لەڕێی مارەییەوە ژن کەلەپچەی دەستی پیاو بکرێت، ئێمەی ژن‌و پیاو مرۆڤین لە کۆمەڵگادا، چۆن دەکرێت یەکێکیان مافی ئەوەی هەبێت ئەوی تریان بکڕێت بە زێڕو پارە، دەبێت حکومەت زەمانەتی کۆمەڵایەتی ژنان بکات وەک مرۆڤێکی سەربەخۆی ئەو کۆمەڵگایە، نەک بەپێی یاسا ژن بە پیاو بفرۆشێ‌و ئەو مافە بە پیاو بدات، کە بە ئارەزوی خۆی لەشی ژن بەکاربهێنێت بەوشێوەیەی کە خۆی دەیەوێت. ئایا لە کۆمەڵی ئێمەدا لاقەکردنی ژنان لەناو چوارچێوەی خێزاندا ئاوری لێدراوەتەوە؟ هەموو پێوانەکانی بوونی ژن لە کۆمەڵی ئێمەدا بەوپێیەیە، کە چەند لەگەڵ پیاو دەخەوێت، چوار واژەمان هەیە ئەمڕۆ سەبارەت بە ژن لە کۆمەڵگادا، کە هەر چواریان پێناسەی ژن لەمەڕ بوونی پیاو دەکات، مانای بەهۆی پیاوەوە ژن بوونی هەیەو خۆی بونەوەرێکی سەربەخۆ نییە، ئەویش ئەمانەن: (کچ، ژن، قەیرەکچ‌و بێوەژن)، کچ ئەو کەسەیە کە هێشتا لەگەڵ پیاو سێکسی نییە، ژن ئەو کەسەیە، کە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی سێکسدایە لەگەڵ پیاو، قەیرە کچ ئەو کەسەیە کە تەمەنی چووەتە ســەرەوە، بەڵام تا ئێستا پیاوی دەست نەکەوتووە لەگەڵی بخەوێت، بێوەژنیش ئەوەیە کە ئیتر پیاوەکەی نەماوە تا لەگەڵی بخەوێت، ئایا ئەمانە بەکەم گرتن‌و پاشکۆیی ژنان ناگەیەنێت؟ هەموو ئەمانە دەمانخاتە گومانی ئەوەی کە تۆ بڵێی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەبێت؟ ئەگەر هەیە کوان؟ کێن؟ ئایا لەدەرەوەی پیاو، ژنان بوون‌و پێناسەیان هەیە؟

کۆمەڵایەتی
سەرپەرشتیار: بەرهەم عومەر
بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٠٦٥٦٠